# جینۆسایدی کورد و ناسنامەی نەتەوایەتی



ئارام ئەحمەد محەمەد

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی

لەنێوان جینۆسایدو ناسنامەی نەتەوایەتی پێوەندییەکی راستەوخۆو قووڵ هەیە، بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ناسنامەی نەتەوایەتی چەندین بنەما باو و گرنگن، لەوانە: زمان، خاك، مێژوو، کەلتوور، نەژاد، ئایین کە بەدرێژایی کات پێکەوە لای تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەبنە ناسنامەو هەست و ئامانجی هاوبەش و پێناسەیەك بۆ خۆپاراستن و پەرەسەندن لای ئەو کۆمەڵە نەتەوەییە پەیدا دەکەن و دەبن بەهێزێك و، بۆ ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئەو نەتەوەیە، بەو پێیەی خۆی تێی دەگات و دەبێتە هەست و گیانێکی هاوبەش، دەبزوێت یا دەبزوێنرێت.

هەر کاتێك کە هەڕەشە لەسەر تەواوی یان بەشێکی بنەما نەتەوایەتییەکان دروست دەبێت ئەوە هەستی ناسنامەی نەتەوایەتی لای تاکەکانی ئەو نەتەوە یان رەگەزە هەڕەشەلێکراوەکە بەهێزتر دەبێت، جینۆساید کە بەمەبەستی لەناوبردنی نەتەوەیەك یا رەگەزو گرووپێکی جیاواز ئەنجام دەدرێت، ئەمەش گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر مانی ناسنامەی نەتەوایەتی، بۆیە جینۆسایدو ناسنامەی نەتەوایەتی پێوەندی راستەوخۆیان هەیە وەك لەخوارەوە بە پوختی باسی لێدەکرێت.

سەبارەت بە کورد یان کوردستان، لەو کاتەوەی وشیاری نەتەوایەتی پەیدا بووە لە بوونی هەڕەشە لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی کورد، ئەوە کوردایەتی بۆتە باوەڕو بزووتنەوەو مایەی هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردزمان، بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی کوردو خاکی کوردستان بەرامبەر بەو هەڕەشەو پەلامارو تاوانانەی لەلایەن داگیرکارانەوە دەستیان پێکرد، بۆیە وشەی کوردایەتی، کوردایەتیکردن، بوونە ناسنامەیەکی گرنگ و جار هەیە چارەنووسساز و شانازیکردنی تاکی کورد بە کوردایەتیکردن، تەنانەت مانایەکی پیشەیشی وەرگرت، خەڵکانێکی زۆر، دەڵێن: خەریکی کوردایەتین، کوردایەتی زۆرم کردوە، واتە بەجۆرێك لە جۆرەکان بەشداری و چالاکی کردووە لەبەرگریکردن لە ناسنامەی کورد دا، ئیتر خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی بێت، بەچالاکی هونەری و ئەدەبی بێت، یان بە هەر جۆرێك بۆ پاراستنی بنەماکانی نەتەوەیی لە خاك، گیان، زمان، کەلتوور، مێژوو، جلوبەرگ، ئایین. . . تاد. بەڵام دوای رزگاربوون، بەکردەوە یان بەبڕوا، لە هەڕەشەی لەناوبردنی ناسنامەی نەتەوە بۆ سەر رەگەزێکی تایبەت، ئیتر ناسنامەی نیشتیمانی زیاتر برەو پەیدا دەکات و دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی و هەموو ئەو هاووڵاتیانەی کە لەوڵاتێکدا دەژین و پاراستنی بەرژەوەندیی گشت پێکهاتەکانیان لەپاراستنی نیشتیمانەکەدا یەك دەگرێتەوەو ناوی وڵاتەکەیان دەبێتە دەربڕین لە ناسنامەیاندا، بۆ نموونە بۆ ئێمە، وشەو چەمکی کوردستان، کوردستانی، کوردستانچێتی و نیشتیمان زیاتر برەو وەردەگرێت و گشت هاووڵاتیەك دەگرێتەوە کە بەنیشتیمانی خۆی بزانێت.

هەندێ لە بنەماکانی ناسنامەی نەتەوە یان نیشتیمان، تا ئەندازەیەك جێگیرن و مێژوویین، لەوانە(خاك، زمان، مێژوو، پێکهاتەی فسیۆلۆژی، ئایین، . . . تاد)، بنەمای واش هەن، پەیدا دەبن یان گۆڕانکارییان بەسەردادێت، بۆ نموونە:

جینۆساید، کەلتوور، بەڵام لەم زەمانی جیهانگیریشدا، لەهەندێ شوێن و لای هەندێ تاك، گشت بنەماو ناسنامەکان جێگەی گۆڕانکاریین و ئەمەش گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت.

جینۆساید، کە وەکو باوەڕو بەرنامە ئەوە ڕێوشوێنی توندوتیژییە، مەبەستێکە بۆ لەناوبردنی کۆمەڵێك بە ئەنجامدانی تاوانی جیا جیا لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، ڕەگەزیی، نەژادیی یان ئایینی، هەندێ لەو جینۆسایدانەی روویان داوەو کاریگەری زۆریان لەسەر کۆمەڵێك هەبووە و ئەنجامەکانی تاوانەکە وا شکاوەتەوە کە هەستی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و کاریگەری هاوبەش و کەلتوورێکی تایبەتی هاوبەشی بۆ ئەو کۆمەڵە دروست کردووە و بۆتە بنەمایەکی ناسنامەی ئەو کۆمەڵە لە پاڵ بنەماکانی ترو بۆ ئینتیمای تاکەکانی ئەو کۆمەڵە گرنگ دەبێت، هەروەها ئەو گەلانەی جینۆسایدی زۆر و جۆراوجۆریان بەسەردا هاتووە، ئەوە هەم تێکڕا ئینتیمای گشتی پەیدا دەکەن و هەم تایبەت، جینۆسایدی کورد یان گەلی کوردستان تا ئەندازەیەك بۆتە سەرچاوەی بنەمایەکی نەتەوەیی بۆ کورد یان نیشتمانی بۆ کوردستانیان، بەڵام جینۆسایدە جیا جیاکانیش لەکات و شوێن و بەشێوەی جیا جۆرە ئینتیما و هەستێکی تایبەتی ناوچەیی یان پێکهاتەیی دروست کردووە.

جینۆسایدە سەرەکییەکانی کە دەرهەق بە گەلی کورد و کوردستان کراوە وەکو ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، جینۆسایدی بارزانییەکان و فەیلییەکان، خەریکە کەم و زۆر ڕەهەندی نیشتیمانی وەردەگرن، گشت گرووپەکانی ناو کۆمەڵەکەمان جۆرە ئینتیماییەکیان بۆیان هەیە، لەکاتی یادەکاندا دەبنە خاڵی کۆکەرەوە و نیشاندانی هەستی هاوبەش لەناوچەو شوێن و پارچە جیاجیاکانی کوردستان و لە وڵاتانی دەرەوە لەناو ڕەوەندی کورد، جۆش و خرۆش و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و لێك نزیکبوونەوە دروست دەبێت بەتایبەتی لەمانگەکانی سێ و چواردا ئاستی ئەو هەستە هاوبەشانە گەرم و گوڕیی زیاتر دەبێت.

ناساندنە نێودەوڵەتیەکانی جینۆسایدی کورد لە چەندین وڵاتی دەرەوە، هەستی زۆرێك لە کورد لە پێوەندی و تێکەڵبوون لەگەڵ تاك و ئۆرگانەکانی ژیانی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین یا ئەوانەی ئێستا پێوەندی سیاسی یان ئابوورییان لەگەڵ کوردستان دروست بووە یان سەردانی کوردستان دەکەن یان بنکەیان هەیە، کە ئەمانەش ویستێکی دەربڕین و خۆناساندنە بەباسی بەسەرهاتەکانی چەوسانەوەی کوردو ئەو جینۆسایدو تاوانانەی کە داگیرکاران بەسەری داهێناوە و هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی هاوسۆزی و پشتیوانی، لایەنەکانی دەرەوەش درکیان بەو سایکۆلۆژییەتەی کورد کردوە بۆیە هەندێکیان لە پێوەندییەکانیاندا بەگوێگرتن یا بە بەشداریکردن لە یادەکاندا بێت یان بەسەردانی مۆنۆمێنتەکان بێت ئەوە پێیانەوە دیارە کە وەك ئامرازێك بۆ پێوەندی بەستن یا گەشەپێدانی پێوەندییەکان باس و پرسی جینۆسایدی کورد بەهەند وەردەگرن، کوردیش کە لەسەردەمەکانی پێشوو نکۆڵی لە ماف و ئازادی و جینۆسایدەکانیشی کراوە، هەر بۆیە ئەو ئاوڕدانەوە دەرەکییەو چالاکی و بڕیارەکانی ناساندنی لە رووی نێودەوڵەتییەوە لای بۆتە فاکتەرێکی بزووێنەری هەستی نەتەوەیی و، ئێستا داخوازە پرۆژەی فراوانتری ناساندنی جینۆسایدەکانی هەبێت.

ناساندنی نێودەوڵەتی جینۆساید، چونکە هیوای لێدەکرێت کە هەوڵێکە بۆ ڕێگەگرتن لەدووبارە بوونەوەی جینۆسایدی تر، بۆ سزادانی تاوانبارانی دژ بە کورد، بۆ تێگەیشتن و ئاشنایەتی و بۆ پەیداکردنی هاوسۆزی و پشتیوانی، بۆ نزیکبوونەوە لە مافەکانی قوربانییان و زەرەرلێکەوتوانی دەستی تاوانەکان کە زۆرن، هەروەها بۆ پەیداکردنی جۆرە دڵنیاییەك، بۆیە جینۆساید ئەگەرچی لەرابردوودا سەرچاوەی هەڕەشەی لەناوبردن و مەینەتی نەتەوەو نیشتمانەکەمان بووە، بەڵام بەناساندنی وەکو لە تاقیکردنەوەی چەند میللەتێك دەرکەوتووە ئەوە جۆرە پاراستن و بووژاندنەوەیەك بۆ نەتەوەو نیشتمانەکە پەیدا دەکات، لەبەر ئەوەی دەکرێت جینۆساید ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی و تاکێکی زۆری کۆمەڵگا بەتایبەتی بۆ قوربانییان، جینۆساید وەکو ڕابردوو دەبێتە مێژوو، وەکو ئێستاو داهاتوو دەبێتە سەرچاوەی پێکەوەگرێدان و هاوهەستی نەتەوەیی و دەبێتە فاکتەرێکی ئەرێنی ئەگەر باش بەگەڕ بخرێت ئەوە دەبێتە مایەی بزواندن و هاودەنگی و خزمەت بەخشی نەتەوەیی، بۆیە لە پەیام و دەربڕینەکاندا و زۆر لەو وتارانەی دەوترێت و پەسند دەکرێن: لەسایەی خوێنی شەهیداندا ئێمە گەیشتوینەتە ئەم دەستکەوتانە، هەڵەبجەو ئەنفاڵ کوردیان بە دنیا و خەڵك ناساند، بەرامبەر بەوە وتاری پێچەوانە، بەلادان لە ڕێبازی نەتەوەیی و بەزاندنی پیرۆزیی و سەروەرییەکان دەزانرێت.

جینۆساید بۆ لایەنی تاوانبار، زیاتر لەلایەن نەتەوەپەرستە دەسەڵاتدارە زاڵخوازەکان بەکاردەهێنرێت وەکو توندترین ئامراز بۆ چەسپاندنی باڵادەستی نەتەوەیی بەسەر کەمایەتیە نەتەوەیی و ڕەگەزەکانی تر ئەویش بەلەناوبردنیان یان کەم کردنەوەیان، بۆ لایەنی قوربانیش کە زیاتر نەتەوەو کەمینە ژێردەستەکان دەگرێتەوە، دەبێتە ناسنامەیەك و بنەمایەکی هاوبەش بۆ خۆپاراستن و بەدەستهێنانەوەی مافەکان، بۆیە لەنێوان جینۆساید و نەتەوایەتی، پێوەندی کاریگەری ناسنامە هەیە، بەتایبەت لەسەدەی ڕابردوو کە سەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و ململانێی نەتەوەکان بۆ باڵادەستی و دارشتنی نەخشەی نەتەوەیی و دەوڵەت لەسەر بنچینەی هێزو سەپاندن و لەناوبردن یان لاوازکردنی نەتەوەو ڕەگەزی تری زۆری بەخۆوە بینی کە چەندین تاوانی جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزیی لێکەوتەوە و پێوەندی نێوان جینۆساید و نەتەوایەتی روونتر دەرکەوت، لەم سەدەیەشدا هێشتا درێژەی هەیە.

بۆ کوردو کوردستانیش، جینۆسایدی گەلی کوردستان، بۆتە بنەمایەکی ناسنامەی نەتەوایەتی و ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی وەرگرتووە و بایەخێکی زۆری هەیە لە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانداو، لە گرێدانی هەستی هاوبەشی تاك و گرووپەکان و، دەکرێت گەشە بەو بنەمایە بدرێت بۆ پتەوکردنی هەست و ئاراستە و ئامانجی نیشتیمانی و نەتەوەیی، ئەوەش ڕەنگە باشتر بێت بە پرۆژەیەکی زانستی و نیشتیمانی و ستراتیژی گەشەی پێ بدرێت و ئەنجام بدرێت.

**ئەگەرچی لەرابردوودا جینۆساید سەرچاوەی هەڕەشەی لەناوبردن و مەینەتی نەتەوەو نیشتمانەکەمان بووە، بەڵام بەناساندنی وەکو لە تاقیکردنەوەی چەند میللەتێک دەرکەوتووە ئەوە جۆرە پاراستن و بووژاندنەوەیەک بۆ نەتەوەو نیشتمانەکە پەیدا دەکات**

**سەبارەت بە کورد یان کوردستان، لەو کاتەوەی وشیاری نەتەوایەتی پەیدا بووە لە بوونی هەڕەشە لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی کورد، ئەوە کوردایەتی بۆتە باوەڕو بزووتنەوەو مایەی هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردزمان**

**جینۆساید بۆ لایەنی تاوانبار، زیاتر لەلایەن نەتەوەپەرستە دەسەڵاتدارە زاڵخوازەکان بەکاردەهێنرێت وەکو توندترین ئامراز بۆ چەسپاندنی باڵادەستی نەتەوەیی بەسەر کەمایەتیە نەتەوەیی و ڕەگەزەکانی تر ئەویش بەلەناوبردنیان یان کەم کردنەوەیان**

# مافی بڕیاردانی چارەنووس لە ڕوانگەی ئیسلامەوە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ئەم ساڵ (٢٠١٤) یادی تێپەڕبوونی (١٠٠) ساڵ دەکەینەوە بەسەر دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهان، ئەو جەنگەی لەدوای چوار ساڵدا، بوو بەسەرەتای دابەشکردنی خاکی ناوچەکەو بەخشینەوەی خاکی کوردستانیش بە وڵاتانێکی دروستکراوی ناوچەکە.

وەك پێشتریش نووسیومە ئەمڕۆ لەم هەلومەرجە نێودەوڵەتییەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە، پێویستە وەك سەرەتایەك ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی پەیوەست بە مەسەلە سیاسیی و نەتەوایەتییەکانەوە لەئێستاوە کەمپینێکی سیاسیی سەرتاسەریی ڕێك بخەن بەنێوی (کەمپینی ٢٠١٦) وە، کە چالاکیی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام بدرێت لەئێستاوە هەتا ساڵی (٢٠١٦)، بەمەبەستی بیرخستنەوەی بەریتانیاو فەرەنسا بەو هەڵەو تاوانەی کە پێش سەدەیەك دەرهەق بەئێمەیان کردووە، کوردیان لە دەوڵەتی سەربەخۆ بێ بەشکردو، بەم هۆیەشەوە تووشی ئەم هەموو کارەساتە بوو لەگشت پارچەکانی کوردستاندا.

لەم نێوانەشدا وا چاکە ئەم جارەیان زانایانی ئاینیی کوردستان بێنە ئەم مەیدانەوەو قسەو فەتوای خۆیان هەبێت لەبارەی مافی سەربەخۆیی کوردستانەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی چەندین کەسایەتیی ئاینیی شۆڤێنی و ڕێکخراوی بەناو ئیسلامیی توندڕەو فەتوای حەرامکردنی مافی کوردیان ڕاگەیاندووە.

بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم مایەی بەختەوەریم بوو لەرۆژی (٢٠١٤/٣/٥)دا، لەگەڵ ژمارەیەك لەمامۆستایانی ئایینیی و نووسەرو توێژەران ئامادەی کۆنفرانسی مافی چارەی خۆنووسین بووین لە ڕووانگەی ئاینی ئیسلامەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر داوای لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرانس لە ستاندارد بۆ بەدەوڵەتبوونی کوردستان، داوام لێکرا کە ڕەشنووسێك بۆ دەسپێکی کۆنفرانسەکە ئامادە بکەم، منیش ئەمەم بۆ نووسین وەك دەستپێك:



**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

ســـەبارەت بەمافی بڕیاردانی چارەنووســـی گەلان کە زۆرێك لەگەلانی دنیا لێی سوودمەندبوون و، گەلانێکی دیکەش لێی بێ بەش بوون، لەپێش هەمووشـــیانەوە گەلی کوردستان، لەبەر چەندین هۆکاری پەیوەست بەبەرژەوەندیی زلهێزان و براوەکانی دوای هەردوو جەنگیی یەکەم و دووەمی جیهان.

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەم خاڵانە بدەین:

یەکەم: لەدوای رووخاندنی خەلافەتی عوسمانییەوە لە(١٩٢٤/٣/٣)ەوەو، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیدا لەلایـــەن ئینگلیزەکانەوەو، بەزۆر لکاندنی ویلایەتی موســـڵ بەو دەوڵەتەوە، حکومەتە یـــەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەچاوی کەمینەیەکی ترســـناکەوە لە کوردیان روانیوەو، لە پێناوی لاوازکـــردن و کۆنترۆڵکردن و، دواجاریش قڕکردنیدا خۆیان لە بەکارهێنانی هیچ شێوازێکی نایاسایی و نائاسایی و نامرۆڤانە، نەپاراستووە.

سەردەمێك بە نکوڵی کردن لە مافە رۆشنبیرییەکانی، سەردەمێکیش بە گۆڕینی ناوی شارو گوندەکانی و، سەردەمێکی دیکەش بە بەعەرەبکردن و، جارێکیش بە راگویزانی، جارێکی دیکەش بە ســـوتماك کردنی خاکی و، دواجاریش ناپاڵم و کیمیا پیاکردنی و، هەوڵدان بۆ کوشتن و لەناوبردن و قڕکردنی لەژێر ناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزدا.

دووەم: لەڕووانگەی ئەو راستییە قورئانییەی کەخودای گەورە فەرموویەتی:

(وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) (الروم :٢٢)

بۆیە ســـڕینەوەی ناسنامەو زمان و مۆرك و کەلتووری گەلان تاوانێکەو دژ بە ویستی خوایەو، خودای گەورە قەبوڵی ناکات.

ســـێیەم: لەڕووانگەی ئەو راســـتییەش کە مافی سروشتی و خواپێداوی خۆمانە خاك و نیشتمان و زێدی باوو باپیرانی خۆمانمان خۆش بوێت، بە تایبەت کوردستانی ئێمە، کەخوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ شوێنی بەرچاوو هەڵکەوتووی دەکات وەك خاکێکی پڕ خێرو بەرەکەتی نەبڕاوە کە شـــایانی ئەوە بوو ببێتە شوێنی نەجات بوون و لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی و چەق و سەنتەری دیمۆگرافی بازنەی ژیانی مرۆڤایەتی .

چوارەم: لامان وایە کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بزانێت کە رێککەوتنامەکانی (ســـایکس پیکۆ)و (لۆزان) چ کارەساتێکیان بەسەر گەلی کوردستاندا هێناوە.

بۆیـــە ئێمە لەڕووانگەی ئەوەی کە پێکەوەژیان و پێکەوەبوونی مرۆڤـــەکان لەبچووکترین بازنەدا تا پێکەوەبوونی گەلان لەیەك دەوڵەتدا، ئیرادەی ئازادو قەبوڵکردنی سەربەســـتانەی دەوێـــت و، پێکەوە لکاندنی بەزۆری گەلان و تێکەڵکردنی خاك و نیشتمانەکانیان، هەنگاوێکی کارەساتهێنە، بۆیە:

١- ئێمـــە ئەوە رادەگەیەنین کە گەلی کوردســـتان لەلکاندنی بەم عێراقەوە پرســـی پێنەکـــراوە، بۆیە مافی بڕیاردانی چارەنووســـی خۆی هەیە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی خۆی و، جۆری ئەو سیستمەی کە ئارەزوومەندانە بۆ خۆی و نەتەوە هاوژیانەکانی هەڵیدەبژێرێت.

٢- لەڕووانگەی ئایەتی (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ) (الحجرات : ١٣) بەمەبەســـتی بەرقەرارکردن و چەسپاندنی ئاشتیی جیهانیی و ئیقلیمـــی، داوا لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامـــەزراوە جیهانییە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ ســـڕینەوەی ئاسەواری هەڵە کوشندەکەی خۆیان و، قەرەبووکردنەوەی گەلانی زیان لێکەوتوو، کە مافی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەو، مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بەڕەوا بزانن.

**سەبارەت بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان کە زۆرێک لەگەلانی دنیا لێی سوودمەندبوون و، گەلانێکی دیکەش لێی بێ بەش بوون، لەپێش هەمووشیانەوە گەلی کوردستان، لەبەر چەندین هۆکاری پەیوەست بەبەرژەوەندیی زلهێزان و براوەکانی دوای هەردوو جەنگیی یەکەم و دووەمی جیهان**

# ئەو سیمبولەی لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەوە ئیرادەی بۆ گەیشتن بە ئازادی دروست کرد





((لە ناو مێژووی سەد ساڵەی خەباتی نەتەوەی کورددا ، مستەفا بارزانی ئەو سەرۆکە لێهاتووە بوو کە شایستەی ئەوەیە بە ناوی ئەوەوە سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لەناو زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن بکرێتەوە))

**بنیامین لادنەر**
**سەرۆکی زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن**
**١٩٩٤–٢٠٠٥**



یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی سیمبولی نەتەوە، یادکردنەوەی مێژووی لەدایکبوونی کەسێك یان سەرۆکێك نییە بە تەنیا، هەروەك چۆن هەڵگرتنی ئاڵا تەنیا بەرزکردنەوەی پارچەیەك قوماشی رەنگاو رەنگ نییە، بەڵکو چۆن ئاڵا هێمایە بۆ ئیرادەی نەتەوەیەك، کە ئەم ئیرادەیە کۆکراوەی هەموو تواناو تایبەتمەندییەکانی نەتەوە لە خۆ دەگرێت و نەتەوەیەکی ئازادی پێدەناسرێتەوە، بە هەمان شێوە یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی سیمبولی نەتەوە، زیندوو کردنەوەی ئەو ویژدانەیە کە هەر تاکێکی نەتەوە لە ناخەوە دەهەژێنێت و ئەو تایبەتمەندیانە دێتەوە بەرچاوی، کە لەسەردەستی سیمبولی نەتەوە رێگەی بۆ ئازادی پیشان داوین و فێری کردووین نابێت بە کەمتر لە ئازادی رازی بین، ئەو ئیرادەیەمان دێتەوە بەرچاو، چۆن ئاڵا بکەینە ناسنامەی ئازادی نەتەوەیەك و چۆن ئەو ئازادییە بپارێزین و بەردەوام بێت.

کەواتە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت یادکردنەوەی رۆژی لە دایکبوونی سیمبولی نەتەوە گێرانەوەی مێژوو نییە، بەڵکو هێنانەوە گۆی فیکری سیمبولی نەتەوەیە بۆ ئەوەی بزانین لەناو ئەو مێژووەوە بۆ ئێستا چیمان پێدەڵێت، لەم چوارچێوەیەدا یادکردنەوەی ئەو رۆژە بۆ نەتەوە، هەم گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژوو و هەمیش تێپەڕاندنی ئەو مێژووەیە بۆ ئەوەی رابردوو بە ئێستا ببەستینەوەو ئێستا بە ئاییندەوە گرێ بدەینەوە، ئەمە بەو مانایە دێت نەتەوە لە رۆژی لەدایکبوونی سیمبولەکەی باسی مێژوو و لێهاتوویی سیمبولەکەی ناکات، بەڵکو جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ناو مێژوو لەناو مێژووی نەتەوەدا جارێکی دیکە گوێ لەو پەیامە دەگرێتەوە کە رۆحی سیمبۆلی نەتەوە بۆ ئێستا چیمان پێدەڵێت و فێرمان دەکاتەوە چۆن کەلتوور و فەرهەنگ و مێژوو و تەواوی سەرچاوەی مرۆیی نەتەوە پێکەوە کارلێك دەکەن ئازادی پێ بونیاد دەنرێت و ئازادی پێ دەپارێزرێت و بەردەوامی بەو ئازادییە دەدرێت و پێشکەشی نەوەکانی داهاتوو دەکرێت.

### ئەو ساتانەی سیمبولی نەتەوە ئیرادەی راستەقینە ئاشکرا دەکات

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی هەموو ئەو سەرۆك و سەرکردانەی، نەتەوە لەمێژووی خۆیدا بە سیمبول پێناسەی دەکات، ئەوا مێژووی نەتەوەکانی جیهان پێمان دەڵێت، هیچ نەتەوەیەك نازناوی سیمبول بە هەموو سەرۆکێك نابەخشێت، تەنیا بەو سەرۆکە نەبێت کە وەك نیچە دەڵێت وەك خۆر دادەبەزێتەوە بۆ خوارەوە بۆ ئەوەی رووناکیەکەی خەڵکانی باشوور یان خوارەوەی زەوی

هەم رووناك بکاتەوە هەمیش گەرمیان بکاتەوە، کەواتە جیاوازی سیمبول لەگەڵ هەر سەرۆك و سەرکردەیەکی دیکە ئەوەیە، سیمبول دەبێتەوە بە تاکێکی ئاسایی نەتەوەو لەنێو ئەو هەستەی هەر تاکێکی نەتەوە بۆ ئازادی لە ناخیدا هەیە، تایبەتمەندییەکانی نەتەوە پێکەوە گرێدەداتەوەو کارلێکیان لەگەڵ یەك پێدەکات و دروشمی مێژووی نەتەوەی لێ بەرهەم دەهێنێت، کە پاش ئەوەی زەمینەی شۆڕشگێڕی لەبار بوو ئەو دروشمە دەبێتە دروشمی شۆڕشی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازی، لەم چوارچێوەیەدا عەباس مەحمود عەقاد لە کتێبی (فەلسەفەی شۆڕش لە تەرازوودا) ئاماژە بەوە دەکات دروشمی هەر شۆڕشێك رەنگدانەوەی ئیرادەی نەتەوەیە لە قۆناخێکی دیاریکراوداو هیچ رستەیەك نابێتە دروشم ئەگەر بەرهەمی پێکەوە گرێدانەوەو کارلێکی نێوان تایبەتمەندییەکانی نەتەوەو کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەکە نەبێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری فیکری بارزانی مستەفا بکەین هەست دەکەین بارزانی مستەفا پێش ئەوەی نەتەوە نازناوی سیمبولی پێببەخشێت، ئەو لە ناو تایبەتمەندی و کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەدا، پێناسەی ئازادی بۆ نەتەوەکەی خۆی کردۆتەوە، بەڵام نەك پێناسەیەکی خوازراو یان وەرگیراو، بەڵکو پێناسەیەك کە کاڵا بەقەد باڵای کەلتورو مێژوو و فەرهەنگ و کۆی تایبەتمەندییەکانی نەتەوە بێت، باشە با لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ یەکەم ساتی دەستپێکی شۆڕشی نەتەوەیی بە رابەرایەتی مستەفا بارزانی کە هەنگاوی یەکەمی شۆڕشی سەرتاسەری نەتەوەیی بووە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا، لە خۆمان بپرسین بارزانی مستەفا چۆن لە کەلتوور و فەرهەنگ و مێژوو و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی کوردەوە پێناسەی بۆ ئازادی کردووە؟ لە ناو مێژووی نەتەوەکەمانەوە دەتوانین بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

١- بارزانی مستەفا شۆڕشی دووەمی بارزانی لەساڵی ١٩٤٣ دەستپێکرد، ئەم شۆڕشە لە کاتێکدا بوو هێشتا شەڕی دووەمی جیهانی لە گەرمەیدا بوو، کەس نەیدەزانی هاوپەیمان براوە دەبن یان دەوڵەتانی میحوەر، ئەم شەڕەش شەڕی نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان و میحوەر نەبوو، بەڵکو شەڕی نێوان گەلانی ئەو وڵاتانە بوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی جەنگی دووەمی جیهانی دەوڵەتەکان لە شەڕدا هەوڵی لەناوبردنی گەلەکانیان دەدا، نەك تەنیا سوپای شەڕکەر، لەم ساتە مێژووییەدا بارزانی مستەفا پێناسەی ئازادی لە فەرهەنگ و مێژووی کورددا بۆ جیهان ئاشکرا کرد، بەوەی ئازادی واتە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گەل و نەتەوەکانی جیهان، ئەم پێناسەیە بە راشکاوانە لەنامەکەی بارزانی مستەفا هاتووە کە ناردوویەتی بۆ عەبدولرەحمان عەزام پاشا کە پاش ئەو بەروارە بووە سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی و تیایدا نووسیبووی کورد شەڕ لەگەڵ نەتەوەی عەرەب ناکات، بەڵکو شەڕ لەگەڵ ئەو رژێمانە دەکات کە نەتەوەی کورد و عەرەب دەچەوسێننەوە و بەیەکتری بە کوشتیان دەدا، سەرنج بدەن گەورەیی فیکری بارزانیی نەمر لەم نامەیەدا لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەوەی لە کاتێکدا نووسیوە کە هیتلەر گەمارۆی ستالینگرادی داوە بۆ ئەوەی گەلی روسیا لەو شارە بەتەواوەتی بمرن، ستالینیش بەوجۆرە بۆمبابارانی بەرلینی دەکرد وەك ئەوەی هەموو ئەڵمانییەك هیتلەرێك بێت، بەڵام ئەو لەو کاتەدا ئازادی بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەو گەلانی جیهان پێناسە دەکاتەوە.

٢- ئەگەر بەشێوەیەکی رەخنەیی دووبارە سەرنج لەو نامەیەی بارزانی مستەفا بدەینەوە کە لە ١٩٤٣ ئاراستەی رای گشتی عەرەبی کردووە، بپرسین ئایا ئەمە فیکر و بڕوابوونی مستەفا بارزانییە بۆ پێناسەکردنی ئازادی، یان تاکتیکی سیاسیی بووە بۆ ئەوەی شۆڕشەکەی سەرکەتوو بێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا مێژووی نەتەوەکەمان پێمان دەڵێت: ئەو پێناسەیەی بارزانی مستەفا بۆ ئازادی کردوویەتی ئەوە بەرهەمی هەموو کەلتوور و فەرهەنگ و مێژوو و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کوردە وەك نەتەوەیەکی چەوساوەو داگیرکراوی ئاشتیخواز، بۆیە بارزانی مستەفا ئەم پێناسەیەی پێش هەر شوێنێك لەو ناوچانە پیادەکردووە کە بوونە ناوچەی ئازادکراوی شۆڕش، ئەمە زمانی شۆڕشەکەی بووە کە لە ئێزگەی شۆڕشەکەیدا بە زمانی هەموو نەتەوەکانی کوردستان پەیامی شۆڕش ئاراستەی هەموو گەلی کوردستان و جیهان دەکرا.

٣- ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات ئازادی لە پێناسەی بارزانی مستەفادا یەك رەنگ نییە، بەڵکو بەرهەمی پێکەوە گرێدانەوەی هەموو رەنگەکانە، دروستکردنی زمانێکی هاوبەشە، کە نەتەوەی کورد بەبێ وەرگێڕ لە نەتەوەی تورکمان و عەرەب و کلدوئاشووری و تورك و فارس دەگات و ئەوانیش بە پێچەوانەوە لەکورد تێدەگەن بەبێ ئەوەی پێویستیان بەوەرگێڕ بێت، کەواتە بارزانی مستەفا پێمان دەڵێت ئازادی بە یەك زمان دەدوێت کە زمانی هەموو نەتەوەکانی جیهانەو هەمووشیان وەك یەك تێدەگەن، کەواتە بارزانی مستەفا لەسەرەتاوە بە

**ئەوانەی وەک جۆرج واشنتۆن کە لە ئاهەنگی چا خواردنەوەی سەر دەریای بۆستن لە نەقشی ئازادی لە مێژووی ئەمریکیەکاندا داتاشی، یان گاندی کە بە کاروانی خۆی نەقشی ئازادی لە مێژووی هیندستان و پاکستان و بەنگلادیشی ئێستا داتاشی، بە هەمان شێوە وەک بارزانی مستەفا کە لەسلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان و بە یەکەم شۆڕشی نەتەوەیی سەرتاسەری نەقشی ئازادی لە مێژووی نەتەوەی کورد داتاشی، ئەوا ئەم جۆرە سەرۆکانە دەبنە باوک و سیمبولی نەتەوە**

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی جەنگی دووەمی جیهانی دەوڵەتەکان لە شەڕدا هەوڵی لەناوبردنی گەلەکانیان دەدا، نەک تەنیا سوپای شەڕکەر، لەم ساتە مێژووییەدا بارزانی مستەفا پێناسەی ئازادی لە فەرهەنگ و مێژووی کوردا بۆ جیهان ئاشکرا کرد، بەوەی ئازادی واتە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گەل و نەتەوەکانی جیهان**

**ئەو بارزانی مستەفایەی هەموو بەدوایدا وێڵین، ئەو فیکرەیە کە نەقشی پێناسەی ئازادی لە مێژووی نەتەوەکەماندا داتاشیوە، ئەو فیکرە زیندووەو لە ناو ویژدانی هەر تاکێکی نەتەوە بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ئیرادەیەی مستەفا بارزانی بەرهەمی هێنابوو، بەرهەمی کۆی ئیرادەی تاکەکانی نەتەوەبوو کە لەگەڵ تایبەتمەندی وفەرهەنگ و مێژووی نەتەوەیەکدا کارلێکی پێکردبوو**

هەموو کوردستانییەکان و پاشان بە عەرەب و تورك و فارس و هەموو جیهانی راگەیاند، تێگەیشتنی کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی کورد بۆ مانای ئازادی، ئەو زمانەیە دەبێت ئێوە خۆتان فێر بکەن تا لێمان تێبگەن، لەبەر ئەوەی زمانی ئازادیخوازان یەك زمانەو ئەوەی ئازادیخواز نەبێت لێی تێناگات.

٤- پرسیاری دیکە لەسەر ئەم تێگەیشتنە قووڵە بۆ زمان و مانای ئازادی ئەوەیە، ئایا کەسێك لە دەرەوەی نەتەوەی کورد لەم زمانەی کورد بۆ ئازادی تێگەیشتووە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دیسان مێژووی نەتەوەکەمان پێمان دەڵێت بەڵێ، لەسەر ئاستی عێراق سەماحەتی ئایەتوڵڵا موحسین حەکیم رەتیکردەوە فەتوا دژی کورد بدات و جەواهیریش گەورە شاعیری عەرەب بە(موستەفای ئەمین) وەڵامی داوەتەوەو تا مردیش ئەو کڵاوەی لەسەر دانەکەند کە لەسەری چنرابوو کوردستان. ئەمە مانای ئەوەیە جەواهیری شاعیری گەورە ئەو کڵاوەی لەسەری چنراوە کوردستان هەموو پێناسەیەکی ئازادی تێدا دەخوێنێتەوە، بۆیە بە شانازییەوە وەك رۆڵەیەکی نەتەوەی عەرەب لەسەری دەکات و دەبێت ئەوانی دیکەی عەرەب لە کوردستانە چنراوەکەی کڵاوەکەی جەواهیرییەوە لەوە تێبگەن، بارزانی مستەفا ناوی کوردستانی هاوتای پێناسەی ئازادی کردووە، ئەمەش نەك تەنیا بۆ نەتەوەی کوردو کوردستانییەکان بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

٥- ئەگەر دیسان ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەم پێناسەیە تەنیا بۆ سەردەمی ژیانی بارزانی مستەفا راستە، یان فیکری بارزانی مستەفا لەگەڵمان زیندووەو ئێستاش ئەم پێناسەیە هەر زیندووە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەش مێژووی نەتەوەکەمان پێمان دەڵێت ئەم پێناسەیە رێکخستنی کەلتوور و فەرهەنگ و مێژوو و ئیرادەی نەتەوەیەکە بۆ پێناسەی ئازادی، بەڵام ئەم کارلێك و پێکەوە گرێدانەوەیە کە پێناسەی ئازادی پێکراوە، سیمبولی نەتەوەی رێکخستوە و رووە جوانەکەی نەتەوەی پیشانی جیهانداوە، بۆیە هەر سەرۆك و سەرکردەیەك بگەڕێتەوە بۆ ناو مێژوو و کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوەکەی و بەهەمان شێوازی بارزانی هەوڵبدات ئەوا هەمان پێناسە بۆ ئازادی ئێستا دەکاتەوەو کاتێك بە زمانی زگماکی نەتەوەیی پێناسەی ئەم ئازادییە دەکات هەموو جیهان تێدەگات، تازەترین نموونەشمان، پێناسەی ئێستای سەرۆك مسعود بارزانییە وەك شاگردی بارزانی مستەفا بۆ ئازادی، خۆ هەموو بینمان سەرۆك مسعود بارزانی بەزمانی کوردی لە کۆنگرەی پارتی دادو گەشەپێدان بەزمانی کوردی پێناسەی ئازادی بۆ نەتەوەی کورد و تورك کرد، قوتابیەکەی بارزانی مستەفا بە ئەندامانی پارتی دەسەڵاتداری تورکیای لە ناو تورکیا وت، ئازادی واتە پێکەوە ژیانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە، سەرۆك مسعود بارزانی ئەم پەیامەشی بە زمانی کوردی بە هەموو نوێنەرانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا راگەیاندووە کە هەر نەتەوەیەکیان بەزمانێکی جیاواز قسە دەکەن، بەڵام وەك نوێنەری یەکێتی ئەورووپا لەسەر پێناسەی مسعود بارزانی بۆ ئازادی پێی راگەیاندین، هەموو یەکێتی ئەورووپا قەرزاری هەوڵەکانی مسعود بارزانییە.

## نەقشی بارزانی
## لەناو مێژووی نەتەوەکەماندا

لەسەروبەندی کردنەوەی سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن، نووسەری ئەم دێڕانە کە ئەو کات ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی برایەتی بوو، لە دیدارێکدا لە بیرمەندی گەورەی کورد مامۆستا مسعود محەمەدی پرسی: تۆ چۆن سەیری بارزانی مستەفا دەکەیت؟ ئەو لەوەڵامدا پێی وتین: (بارزانی قەدەرە من بەبێ ئەوەی دەنگم پێدابێ سەرۆکی نەتەوەیەکە، بێ ئەوەی ئیرادەی منی تێدا بێت سیمبولی نەتەوەیەکە) ئەگەر سەیری ئەم قسەیەی بیرمەندی گەورەی کورد مامۆستا مەسعود محەمەد بکەین، زۆر راشکاوانە هەست بەو لۆژیکە دەکەین کە مامۆستا مسعود محەمەد لەو دێڕەدا دەری بڕیووە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە مستەفا بارزانی لەناو ویژدانی نەتەوەیەکدا بۆتە سیمبول کە هەموو تاکێکی نەتەوە لە ئیرادەی بارزانی مستەفاوە سەیری ئیرادەی خۆی دەکات، بارزانی مستەفا لەبەر ئەوەی نەبووە بە سیمبول لەبەر ئەوەی پێشمەرگەیەکی قارەمان بووە، بەپێچەوانەوە لەوانەیە جەنابی بارزانی مستەفا خۆی وەك پێشمەرگە هەر هێندەی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیدا بوون شەڕی کردبێت، هەروەها بارزانی مستەفا دەوڵەمەند نەبووە هەتا بەهۆی دەوڵەمەندیەکەیەوە خەڵك لە دەوری کۆبووبێتەوە، هەروەها مستەفا بارزانی سەرۆك هۆزیش نەبووە هەتا بڵێین بەهۆی هۆزەکەیەوە شۆڕشی کردووەو پاشان خەڵك لەدەوری کۆبۆتەوە، باشە با لەخۆمان بپرسین، ئایا ئەگەر بارزانی مستەفا هەر یەکێك لەمانە بوایە دەبووە سیمبولی نەتەوەیەك، لەوانەیە یەکێك لەم تایبەتمەندیانە سەرکردەیەك یان سەرۆکێك لەسەر ئاستێکی لۆکاڵ شتێك ناوبانگ دروست بکات، بەڵام مستەفا بارزانی بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو تایبەتمەندیانەی هەبێت لە ویژدانی نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراو لەهەر چوار پارچەی

کوردستان وەك ســیمبولی نەتەوە سەیرکراوەو جیهانیش ئیعترافی بەوە کردووە کە بارزانی مســـتەفا سیمبولی نەتـــەوەی کوردە لەهەموو جیهانـــدا، زۆرجار نەیاران و ناحەزانی مســـتەفا بارزانی ئەو سەرکردانەی لە ئاست شکۆی بارزانیدا خۆیان بە بچووك هاتۆتە بەرچاو، کە پرســـیاریان لێکراوە، ئێوە بۆ بارزانیتان وا گەورە کرد؟ هەر هێندەیان پـــێ بووە کە بڵێن ئێمە بارزانیمان گەورە نەکردووە، بارزانی لە سۆڤیەت ئاوارە بوو ، رۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمریکی دەینووسی (مەلای جامانە سوور هەڕەشە لە ئێرانی شاهنشاهی دەکات و داگیری دەکات) سەیربکەن، ئەمە وەڵامی دوژمن و ناحەزەکانی بارزانییـــە، کە نایەنەوێت دان بەوەدا بنێن ئەوە ویژدانی نەتەوەیەکە سەرۆکەکەی خۆی گەورە کردووە، لەمەش گرنگتـــر ئەگـــەر بگەڕێینەوە بۆ ســـیمبولی هەموو نەتەوەکانـــی جیهان، هەســـت دەکەین ئـــەوە ئیرادەی ئەمریکییەکانـــە جۆرج واشـــنتۆنی کـــردووە بە باوك و سیمبول، ئەوە ئیرادەی ئەڵمانەکانە، بسمارکی کردووە بە باوك و سیمبول، ئەوە ئیرادەی هیندستانییەکانە گاندی کردووە بە باوك و سیمبولی نەتەوە.

بەڵام با لێـــرەدا بگەڕێینەوە بۆ نـــاو مێژووی هەموو نەتەوەکانـــی جیهان و ئەو پرســـیارە لەخۆمان بکەین، بپرســـین ئایا بەدەر لە ئیرادەی نەتەوە سیمبول و باوکی نەتەوە دروســـت دەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا فێڵی مێژوو بەمانـــا هیگڵییەکەی پێمان دەڵێـــت : بەڵێ بە شـــێوەیەکی کاتیی دروست دەبێت، بەڵام پاش ماوەیەك لە ویژدانی نەتەوەدا دەمرێت، نموونەی ئەوانەشـــی کە دەیانەوێت لە چوارچێوەی فێڵی مێژوو وەك ســـیمبول دەرکـــەون، بەڵام کـــە فێڵەکەی مێژوو ئاشـــکرا بوو، نەوەکانی ئێســـتا پەیکەرەکانی رابردوویان دەڕووخێنن، بەواتایەکـــی دیکە هەتا لەدەســـەڵاتدان بە زۆر دەکرێن بە ســـیمبول، کە دەســـەڵاتیان نەما لە ویژدانی نەتەوە فڕێ دەدرێن، هـــۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو جۆرە ســـیمبولە دەســـتکردانە ناتوانن بە کارلێکی کەلتـــوور و فەرهەنگ و مێژوو و ئیـــرادەی نەتەوە، لە ناو مێژووی نەتەوەدا نەقشـــی ئازادی دابتاشـــن، بەڵکو ئایدیولۆژیەتـــی دیاریکراویان بە ناوی ئازادی لەناو مێژووی نەتەوەیەکیان دەچەســـپێنن کە هەرگیز ویژدانی نەتەوە تاســـەر ئەو تەنە نامـــۆ ئایدیولۆژییە قبوڵ ناکات.

بەڵام ئەوانەی وەك جۆرج واشنتۆن کە لە ئاهەنگی چا خواردنەوەی سەر دەریای بۆستن لە نەقشی ئازادی لە مێـــژووی ئەمریکیەکاندا داتاشـــی، یان گاندی کە بە کاروانی خۆی نەقشـــی ئازادی لە مێژووی هیندستان و پاکســـتان و بەنگلادیشی ئێســـتا داتاشی، بە هەمان شـــێوە وەك بارزانی مستەفا کە لەسلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان و بە یەکەم شۆڕشـــی نەتەوەیی سەرتاسەری نەقشـــی ئازادی لە مێژووی نەتەوەی کورد داتاشـــی، ئەوا ئەم جۆرە سەرۆکانە دەبنە باوك و سیمبولی نەتەوە، نەتەوەش بە جیـــاوازی ئایین و زمان و ئایدیولۆژیەتی جیاوازەوە وەك باوك و سیمبول سەیری دەکات و شانازی بەو نەقشی ئازادییەوە دەکات کە لەمێژووی نەتەوەکەیدا وەك بەرهەمی رێکخستنی ئیرادەی نەتەوە لەسەر دەستی سیمبول و باوکی نەتەوە سەیر دەکرێت.

بۆیە کە دەگەڕێینەوە بۆ مێـــژوو ئەم رۆحە زیندووەی باوك و سیمبولی نەتەوە لە ویژدانی نەتەوەدا دەبینرێت، یان زۆر جار لـــە بۆنەیەکدا ویژدانی نەتەوە پیشـــانی نەوەکانی ئێستای دەداتەوە و کاتێك نەوەکانی ئێستا کە لەگەڵ ئەو مێژووەش نەژیاون خۆڕسکانە هەست دەکەن ئەو رۆحە زیندووەوە لە ویژدانی ئەوانیشدا بوونی هەیە، لێرەدا جێگەی خۆیەتـــی نموونەیەکی بەرز و زیندووی یەك دوو ساڵێك لەمەوپێش لەم بۆنەیەدا بە بیر بێنینەوە، کە ئەویش کۆچی دوایی خاتوو حەمایل خانی هاوسەری بارزانی مستەفا بوو، ئەم خانمە گەورەیە لەگەڵ ئەوەی لەســـەر ئاستی میللی و نەوەی دوای بارزانی مستەفا وەك پێویست نەناسرابوو، بەڵام بینیمان چۆن نەك نەوەی دوای مســـتەفا بارزانی، بەڵکو نەوەکانی ئێستاش وەك دایکی هەموو نەتەوەی کورد بۆ کۆچەکەی هەســـتانە سەرپێ و وەك دایکی نەتەوەیەك ماڵئاوایی لێکرا، ئەوەی کۆچی دوایی خاتوو حەمایل خان پێی وتین ئەوەبوو، کە هەموو کوردێك لە کوردســـتان پرسەی بۆ دایکی خۆی داناوە، لە هەموو کوچێکی کوردستان پرسەی تایبەتی بۆ دانراو، بـــە هاوتای گیانی بارزانی، کۆچی دوایی خاتوو حەمایل خان بـــووە هەوێنی دووبارە یەکڕیزی و کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و لێکنزیك بوونەوە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئەوەی لە رێوڕەسمی کۆچـــی دوایی خاتوو حەمایل خـــان بینیمان، نە هیچ ئیرادەیەك هاوتای دەبێتـــەوە نە ئیرادەی هیچ حزبێکی سیاســـی ئەو رێوڕەســـمەی پێ رێکدەخرێت، تەنانەت لەوانەیە هیچ کەســـێك بەو ئاســـتە مەزندەی نەکردبێت کە هەموو گەلی کوردستان، لە رۆژانی پرسەی خاتوو حەمایل خاندا پرســـە بۆ دایکی خۆی دادەنێت، کەواتە پرســـەکەی خاتوو حەمایل خان کلیلێکە بۆ ئەوەی لەو وتە بەرزەی مامۆستا مەسعود محەمەد تێبگەین بەوەی بارزانی مستەفا ئەو قەدەرەیە کە خۆرسکانە لەویژدانی هەرتاکێکدا وەك سیمبول و باوکی نەتەوە بوونی هەیە و هاوسەرەکەشی دایکی هەر تاکێکی نەتەوەیە.

**بارزانی مستەفا تەنها لەبەر ئەوەی پێشمەرگەیەکی قارەمان بووە، نەبووە بە سیمبول. هەروەها بارزانی مستەفا دەوڵەمەند نەبووە هەتا بەهۆی دەوڵەمەندیەکەیەوە خەڵك لە دەوری کۆببووبێتەوە، هەروەها مستەفا بارزانی سەرۆك هۆزیش نەبووە هەتا بڵێن بەهۆی هۆزەکەیەوە شۆڕشی کردووەو پاشان خەڵك لەدەوری کۆبۆتەوە بەڵکو مستەفا بارزانی لە ویژدانی نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراو لەهەر چوار پارچەی کوردستان وەك سیمبولی نەتەوە سەیرکراوەو جیهانیش ئیعترافی بەوە کردووە**



**سەرۆک مسعود بارزانی لە هەموو کەس باشتر دەزانێت هاونیشتمانیانی کوردستان چاوەڕێی چی لە جێنشینی مستەفا بارزانی دەکەن، کە بێگومان بەڕێزیان ئەوە دەزانن، هەموو گەلی کوردستان چاوەڕێی ئازادی و سەرفرازی یەکجارەکی لێدەکەن**

## فیکری بارزانی مستەفا بۆ ئێستامان


زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین پرسەکەی خاتوو حەمایل پێی وتین هێشتا گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەو بەهەموو جیاوازی نەتەوەو ئایین و ئایدیولۆژیەتی سیاسییەوە، وێڵە بەدوای بارزانی مستەفایەکدا جارێکی دیکە لە ئاراسی سەدەی بیست و یەك بیپەڕێنێتەوە، وێڵە بەدوای ئەو بارزانی مستەفایەی کە لەساڵی ١٩٤٩ لە باکۆوە بەرنامەی بۆ ئیعلانی جمهوریەتی کوردستان داڕشتووە، وێڵە بەدوای ئەو بارزانی مستەفایەی ئیرادەی بەهێزی گەلی کوردستانی بە گرێچنی جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی و سیاسیی ڕێکخستبوو، وێڵە بەدوای ئەو بارزانی مستەفایەی لەژێر تۆپ و تەیارەدا لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا کامەرانی و ئەمانی لەناو نەتەوەکانی کوردستاندا دروست کردبوو، ئەو بارزانی مستەفایەی هەموو بەدوایدا وێڵین، ئەو فیکرەیە کە نەقشی پێناسەی ئازادی لە مێژووی نەتەوەکەماندا داتاشیوە، ئەو فیکرە زیندووەو لە ناو ویژدانی هەر تاکێکی نەتەوە بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ئیرادەیەی مستەفا بارزانی بەرهەمی هێنابوو، بەرهەمی کۆی ئیرادەی تاکەکانی نەتەوەبوو کە لەگەڵ تایبەتمەندی وفەرهەنگ و مێژووی نەتەوەیەکدا کارلێکی پێکردبوو، بۆیە لەم ڕاستەوە بۆ ئێستامان زۆر گرنگە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین فیکری بارزانی مستەفا بۆ ئێستا و



ئایندەی نەتەوەکەمان چ نەقشێك لە مێژووی نەتەوەکەمان دروست دەکات؟ نەك فیکری بارزانی لە رابردوودا چ نەقشێکی دروستکردووە؟ ئەگەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وەك فۆکۆیاما بەردەوامی مێژوو بخوێنینەوە، ئەوا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێت بەوەی فیکری بارزانی لەمێژووی نەتەوەی کوردو کوردستاندا بەردەوام زیندووە هەتا دەگەینە ئازادی و سەرفرازی، بەڵام ئازادی و سەرفرازی بەو تێگەیشتنەی فیکری بارزانی پێمان دەڵێت بەوەی هاونیشتمانیانی کوردستان لەناو ئازادی سەرفرازی کوردستان ئیرادەی راستەقینەی خۆی بۆ بەرجەستە بێتەوە و هەست بکات ئێستاش وەك دوێنێ هەر بارزانی مستەفایە رێبەرایەتیمان دەکات، کەواتە ئەگەر لەم خاڵەوە رووبکەینە سەرۆك مسعود بارزانی کە ئیرادەی گەلی کوردستان لە شوێنی بارزانی مستەفا دایناوە، ئەوا لەم زرووفە هەستیار و ناسکەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە هەموو کەس باشتر دەزانێت هاونیشتمانیانی کوردستان چاوەڕێی چی لە جێنشینی مستەفا بارزانی دەکەن، کە بێگومان بەڕێزیان ئەوە دەزانن، هەموو گەلی کوردستان چاوەڕێی ئازادی و سەرفرازی یەکجارەکی لێدەکەن، بێگومان سەرفرازی و ئازادی بەو مانایەی فیکری مستەفا بارزانی پێمان دەڵێت ئەویش پاراستنی ئەم ئازادییەو بەردەوامی و هەنگاوی زیاترە بۆ پێشەوە.

**قوتابییەکەی بارزانی مستەفا بە ئەندامانی پارتی دەسەڵاتداری تورکیای لە ناو تورکیا وت «ئازادی واتە پێکەوە ژیانی نەتەوەی کورد و تورک بە شێوەیەکی ئاشتیانە»**

# ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و تێڕامانێک



ئاسۆ کەریم

*بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەندێ دیرۆکنووس، خۆناسینی نەتەوەیی کوردان، وەك نەتەوەیەکی بەجیا هەڵکەوتوو کە کار بۆ دامەزرانی قەوارەیەکی سیاسی خۆی بکا، دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٨٨٠ی سەروەختی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری. ڕەنگە ئەو خۆناسینە قسە زۆر هەڵبگرێ، بەڵام ئەگەر بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠) لەپێشە خۆمان دابنێین، ئەوا هێزە دەستڕۆیشتووە بیانییەکانی ئەو دەمیش تا ڕادەیەك کوردیان وەك «میللەت»ێکی جیا ناسیبێ یان ویستویانە بیناسن. لەمڕووەوە، ئەو پەیماننامەی سیڤەرە، وەکو دۆکیومێنتێکی نێودەوڵەتی، بایەخێکی سیاسی و قانوونی هەیە، وێڕای کە دواتر پەیماننامەی لۆزان (١٩٢٣) هەڵوەشاندەوە. لەدوای ئەوەوە، کوردی هەر پارچەیەك بە حوکمی سنوور، هەر یەکەیان بۆ خۆی کاری کردووە و تا بە ئەمڕۆش دەگات هەر وایە. ئەو ڕایە لە هاریکاریی یان چوونی بارزانیی نەمر بۆ کوردستانی ئەودیو و بەشداریکردنی لە ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد کەم ناکاتەوە، بەڵام دوو تەجرەبەی تر هەیە کە کورد ویستویە قەوارەی سیاسیی نەتەوەیی خۆی هەبێ یەکەمیان لە کوردستانی عێراق ئەویش تەجرەبەی مەلیك مەحموود بووە (شێخی نەمر) کە هەم کاتی و هەم لە ڕووی جیوگرافی بەرتەسك و سنووردار بووە و هەموو ناوچەو دەڤەرەکانی باشووری کوردستانی نەگرتبۆوە. دووەمیان تەجرەبەی قازی محەمەد (پێشەوا) بووە لە مەهاباد (١٩٤٦) ئەو ژی هەم کاتی (کەمتر لە ساڵێك) و بەشێکی ناوچەکانی کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) گرتبۆوە و زێتر لەسایەی داگیرکاریی سوپای سووری ئەودەمەی یەکێتیی سۆڤیەت بووەو هەوڵێکی خۆ بەخۆی کورد و هیچ ڕێککەوتنێکی ناوخۆیی (لەتەك حکوومەتی ئێران) یان نێودەوڵەتی لەسەر نەبووە. هەرچەندە تا ئێستەش ئەوە نەبڕاوەتەوە کە داخوا کۆماری کوردستان، کۆمارێکی خودموختار بووە لە چوارچێوە ئێران یان کۆمارێکی سەربەخۆ بووە. بەڵام وەکو دوو تەجرەبە لەمڕووەوە گرنگن کە ئامانج دامەزراندنی قەوارەی سیاسیی سەربەخۆی نەتەوەیی بووە.

لە ١٩٤٦ەوە تا ١٩٥٨، ئەگەر ئەو ماوە کەمەی «موصەدەق لە ئێرانێ»ی لێ دەرچێ، دنیای کوردی کشومات بووە. «کودەتا» یان «شۆڕش»ی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم دەرگاو دەرفەتێکی لەبەر کورد، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ لەبەردەم کوردی عێراق کردەوەو بارزانیی نەمرو هەڤاڵەکانی لە ئاوارەیی گەڕانەوەو بزاڤێکی سیاسیی کوردی سەرانسەری نەك لۆکاڵ لە تەواوی کوردستانی عێراقدا بە کردەوەو لەسەر ئاستی میللی هاتە گۆڕێ. ڕاستە پارتی لە ساڵی ١٩٤٦ەوە هاتبووە دامەزراندن و تا ڕادەیەك ڕێکخستنیشی لە سەرجەم کوردستانی عێراقدا هەبووە، بەڵام لە دوای ١٩٥٨ەوە ئەو دەرفەتە بۆ کورد هاتە پێش لەسەر ئاستی میللیش بزووتنەوەیەکی سیاسیی کوردی پێ بگا یان بەلانی کەمەوە خەڵك بەخۆدابێتەوەو پارتی وا بناسێ بەتایبەتی دوای هاتنەوەی بارزانی لە سۆڤیەت. ئەو پێگە میللییە سیاسییە نەبوایە، بارزانی خۆی لە مەیدان نەبوایە،



بەرە بەرە ستەم و زۆر توند نەبوایە، رەنگە شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١ هەڵنەگیرسایە و ئەگەر بەرپاش بووایە، ئەوا نەدەشیا بۆ ماوەی ٩ ساڵان بەردەوام ببێ.

گومان لەوەدا نییە کە شۆڕشی ئەیلوول دەورێکی گرنگی هەبووە لە بەتین و تاو خستنی پرۆسەی خۆناسینی نەتەوەیی کورددا، ئاخر بزووتنەوەیەکی چەکداریی لۆکاڵ نەبووەو پاشان دروشمێکی مەرکەزیی هەبووە (دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان). لەم دروشمەدا، دوو شت دەخوێنرێتەوە یەکەمیان ئەوەیە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد پێی وابووە کە دەکرێ کێشەی کورد لە چوارچێوەو سنووری دەوڵەتی عێراقدا بێتە چارەسەرکردن و ئاستی داواکارییەکەش (ئۆتۆنۆمی) بووە. رەنگە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە بۆ خوێندنەوەی رەوشی نێودەوڵەتیی ئەو وەختە هاتبێ بەتایبەت کە نموونەی (ناوچەو هەرێمی ئۆتۆنۆم) لە دنیادا هەبووە. دووەم ئەو داوایە بە (دیموکراسیی بۆ عێراق) بەسترابۆوە، بەو مانایەی حوکمێکی دیکتاتۆری لە عێراقدا ناتوانێ ئۆتۆنۆمی بە کورد بدات...لەڕاستیشدا و تا رادەیەك ئەو دوو خواستە: (دیموکراسیی بۆ تەواوی عێراق) و (ئۆتۆنۆمی یان ئێستە فیدراڵیی کە پێیەك لە ئۆتۆنۆمی لە پێشترە) بەندیوارییەکی بەهێزیان لەنێواندا هەیە. سەیرکەن کە خولیای خۆسەپاندن و تاکرەوی لە بەغدایی بەگوڕتر دەبێ، دیموکراسیی لە عێراق دەکەوێتە بەر هەڕەشەو گوشاریش بۆ هەرێمی کوردستان دێنێ. رەنگە ئەو پرسیارەش سەرهەڵبداو بگوترێ، جا بۆ دەبێ گەلی کوردستان باجی دیموکراسیی لە عێراق بدات و بۆ بیر لە خواستی دیکە نەکرێتەوە؟ ئێمە لە بزووتنەوەی ریفراندەمی کوردستان کە دوای ٢٠٠٣وە هاتە دامەزراندن، ئەو نیگەرانی و پرسیارە رەوایانەمان هەبوو، وا وەڵامەکان وەردەگرینەوە.

دەگەڕێمەوە سەر (١١)ی ئاداری ١٩٧٠ کە بە رێککەوتن لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕش بە رابەری بارزانیی نەمر و حکوومەتی ئەوسای عێراق، بەیاننامەیەك دەرچوو کە لانی کەمی داخوازییەکانی ئەو وەختەی کوردایەتی گرتبووە خۆی بەو مانایەی کە دوای ٤ ساڵ لە رێککەوتن و ئاساییبوونەوەی رەوش قانوونی حوکمی زاتی دەربچێ و جێبەجێ بکرێ. ئەو بەیاننامەیە، یەکەم: دوای وتوێژ و رێککەوتن لەنێوان هەردوولای پێکناکۆك بووە کە تەرەفێکی حکوومەتی عێراق بووەو «مەجلیسی قیادەی سەورە» و تەرەفەکەی تری سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و شۆڕشی ئەیلوول بووە و دووەم دان بەوەدا نراوە کە کورد وەك نەتەوە لە عێراقدا کێشەیەکی هەیە و ئەو کێشەیەش وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی لە چوارچێوەی عێراق و بەشێوەی (حوکمی زاتی) دێتە چارەسەرکردن و پاشان ئەوە لە دەستووری کاتی ١٩٧٠دا رەنگی دایەوە.

کەواتە ئەو بەیاننامەیە، وەکو دۆکیومێنتێکی قانوونیی «ناوخۆیی» و سیاسی نەك هەر بۆ کوردی عێراق بەڵکە بۆ بەشەکانی دیکەش بایەخی خۆی هەیە وەکو شێوەیەکی نیوەناچلی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی. بۆ راستیی ئەم قسەیەش لە دوای ١٩٧٥وە، ئەو رێککەوتننامەیە بووە بنەما بۆ دانوستانەکانی دواتر بەتایبەتی لە دوای ١٩٩١وە. راستە فیدراڵیزم ئاستێکی باڵاترە و لەسەر بنەمای دەستوور (دەستووریش قانوونێکی ناوەکییە) رێکدەخرێ و ئۆتۆنۆمیش بە قانوون رێکدەخرێ، بەڵام لە فیدراڵیزمدا (سیادە)ی ناوخۆ دابەش دەکرێ لە ئۆتۆنۆمیدا وا نییەو وڵات (unitary)یە نەك ئاوێتە. بەداخەوە لە عێراق هێشتا هەر بەو چاوە سەیری کورد و هەرێمەکەی دەکرێ. واتە هێشتا لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە کردەوە لە ١٩٧٠یان تێ نەپەڕاندووە. بەڵام کورد لە ٢٠٠٥وە دۆکیومێنتێکی رەسمیی (دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق)ی لەبەردەستەو بەم یان بەو شێوەیە جۆرێ لە (یەکێتیی ئارەزوومەندانە)ی تێدا چەسپێنراوە کە دیارە ئەوەش بە یەك تەرەف ناکرێ، واتە ئەگەر تەرەفی دیکەی غەیرە کورد دەست بەو پرەنسیپەوە نەگرێ، کورد ناچارە بیر لە فۆرمۆڵەی تر بکاتەوە.





# ئەو عێراقەی تەسلیمی مالیکی کرا دەبێت جیهان سەیری پارچەکانی بکات





جوانترین پێناسە بۆ ئەو عێراقەی ١١ ساڵ پێش ئێستا ئەمریکا بـۆ ئازادکردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ سـەربازی بەکوشتدا و بەدەیان هەزار سەربازی بریندار بوو، هەروەها بەپێـی توێژینەوەیەکی زانکۆی هارڤـارد زیاتر لە ٥ ترلیۆن دۆلاری لە عێراقـدا خەرجکردووە، بۆ ئەوەی، عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و پەرلەمانی، ئەمە بێجگـە لە قوربانی عێراقییەکان لـەم پێناوەدا، دوای ئـەوەی لە کۆتایی سـاڵی ٢٠١١ تەسـلیمی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران کرا، وەك دەبینین تەنها لەماوەی دووسـاڵدا ئەم وڵاتە کارەسـاتێکی ئەوتۆی بەسەردا هاتووە بـە تەواوەتی لە دەوڵەتێکی فاشـیل دەچێت، تەنانەت کار گەیشـتۆتە ئەو ئاستەی وڵاتانی جیهان بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشـەوە، هۆشداری بدەنە هاووڵاتیان سـەردانی بەغدا و شارەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق نەکەن. بەمەش ئەو خەون و ئومێدەی عێراقیەکان هەیانبوو بەوەی لەدوای رووخانی رژێمی پێشـووی دیکتاتۆریەتـەوە و کۆتایی هاتنی تاکـرەوی حکومڕانی تاکەکەسـییەوە، ئیدی لەلایەن ئەو سـەرکردانەوە حکومڕانی دەکرێن کە خۆیان هەڵیان دەبژێرن و خۆیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەن، ئەوا ئەمە لە ئێسـتا بۆتە خەونێکی زڕاو و جۆرێك لە نائومێدی ئەوتۆی دروسـتکردووە کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە دڵەڕاوکێوە سـەیری ئاینـدەی تەمومژاوی عێراق بکەن، هۆکاری ئەم هەمـوو نائومێدی و نەهامەتییە دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو مەیلە خۆسـەپێنییەی کە نوری مالیکی سـەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەموو دەسەڵاتە مەدەنی و سەربازی و ئاسایش و پۆلیس لـەم وڵاتە گرتوویەتییە بەرو خەریکە بە تەواوەتی وەك دیکتاتۆرێك حکومڕانی عێراق دەکات، پرۆفیسۆر تۆبی دۆج کە سەرۆکی سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکـۆی لەندەن و ماوەی چوار سـاڵ ٢٠٠٣-٢٠٠٧ بەردەوام لەسـەر ئەرکـی زانکۆی لەنـدەن خەریکی توێژینەوەی مەیدانی بووە لەسەر عێراق، لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ یشـەوە هەتا ئێسـتا بەردەوام چاودێری نزیکی بارودۆخـی عێراق دەکات و لەگەڵ هەموو سـەرکردە عێراقیەکان بە سـەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیشەوە بـۆ توێژینەوەکانی دیدار و چاوپێکەوتنی کردووە و لە ساڵی ٢٠١٣ کتێبێکی بە ناونیشانی (عێراق: لەشەڕەوە بەرەو ئەسۆریتاریانزمێکی نوێ _ Iraq: From War to a New Authoritarianism ) بـڵاو کردۆتەوە و لەم کتێبەدا دەپرسێت ئایا مالیکی لەماوەی دوو خولی سەرۆك وەزیراندا چی کردووە؟ ئەو لەو کتێبە بەمجۆرە وەڵامی داوەتەوە:

**هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە دڵەڕاوکێوە سەیری ئایندەی تەمومژاوی عێراق بکەن، هۆکاری ئەم هەموو نائومێدی و نەهامەتییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەیلە خۆسەپێنییەی کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەموو دەسەڵاتە مەدەنی و سەربازی و ئاسایش و پۆلیس لەم وڵاتە گرتوویەتییە بەر**

١. لەماوەی دوو خولی سەرۆك وەزیرانی مالیکیدا تەنیا شـتێك بونیادنرابێتەوە ئەوەیە سوپایەکی دروستکردووە کە ژمارەی چەکدارەکانی زیاتر لە ٩٣٠ هەزار چەکدارە، ئەم ژمارەیە لە ٨٪ هێزی کاری عێراق پێکدەهێنێت و ١٢٪ی ئـەو لاوانـە پێکدەهێنێت کە تەمەنیان لەسـەرووی ٢٠ ساڵەوەیە، بۆ پشت راسـتکردنەوەی ئەم ئاکامەی تۆبی دۆج پێی گەیشتووە توێژینەوەیەکی دیکە کە لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز لە سـاڵی ٢٠١٢ بڵاو کراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە رێژەی بێکاری لەشـارەکانی باشوور و ناوەڕاسـتی عێراق لەنێو لاوەکاندا لە ٣٠٪یە، حکومەتی مالیکی هەوڵیداوە کـە ئەو لاوە نائومێدانە ناچار بکات بچنە ریـزی هێزە چەکدارەکان، یان ئەو میلیشـیانەی حزبی دەعوا کە مالیکی لەدوای ساڵی ٢٠٠٧ درووستی کردووە.

٢. بەپێی ئاماری نەتـەوە یەکگرتووەکان هەتا کۆتایی سـاڵی ٢٠١١ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٢، لەگەڵ ئەوەی بـڕی ٢٠٠ ملیـار دۆلار بۆ بونیادنانـەوەی ژێرخانی عێـراق خەرجکراوە، کەچی تەنیا ٢٦٪ تۆڕی ئاوەڕۆ بۆ شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دابینکراوە. تەنیـا ٢٥٪ ئـاوی خواردنەوەی پاك بـۆ هاووڵاتیانی باشـوور و ناوەڕاسـتی عێراق دابینکراوە، ئەمەش واتە ٧٥٪ هاووڵاتیانی ئەو شـارانە ئـاوی پاکیان بۆ دابین نەکراوە، لە کاتێکدا لەشارەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم رێژەیە گەیشـتۆتە نزیکەی ٩٠٪، ئەو ١٠٪یەشـی کە ماوە هەموو پرۆژەی بۆ کـراوە و لە قۆناخی جیاوازی جێبەجێکردنـدان، وەك پرۆژەی ئـاوی خواردنەوەی پاکی (هەڵەبجەو چەمچەماڵ و ئاکرێ و ئامێدی...تاد).

٣. لە گەرمای پرۆکێنی هاوینی شـارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق تەنیا ٧,٥ کاتژمێر کارەبا دابینکراوە، ئەمە لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردسـتان کە لە باشوور و ناوەڕاستیش فێنکترە، بە تایبەتی لە هاویندا ٢٤ کاتژمێر کارەبا دابینکراوە.


### دەوڵەتی عێراق و لاسەنگییە گەورەکە باڵێکی سەربازی گەورە. دامەزراوەگەلێکی مەدەنی لاواز

پرۆفیسـۆر ماکس بوت گەورە تـوێژەری ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە و تایبەتمەند لەسەر پرسی عێراق و ستراتیژیەتی سیاسەتی بەرگری ئەمریکا، لە پەنێڵێکدا کە رۆژی ٨ی کانوونـی ٢٠١٤ لە ئامۆژگای ناوبراو سـازکراوە، جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی سەرۆك باراك ئۆباما هەر لەسەرەتاوە دژی شەڕی عێراق بـووە، بۆیە هەموو ئامانجی ئـەوە بوو لە کاتێکی زۆر نزیکدا هەموو هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشـێنێتەوە،

ئەمە لە کاتێکدا عێراق لە ساڵی ٢٠١١ زۆر پێویستی بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو بۆ ئەوەی ئەمریکا کاریگەری لە سەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بێنێت و چاودێر بێت بەسەر رەفتارەکانی نوری مالیکیەوە و لەو کاتەی هەنگاوی بۆ تاکڕەوی هەڵدەگرت دەیتوانی ئەو نفوزەی خۆی بەکاربهێنێت و رێگە نەدات پرۆسەی سیاسیی عێراق پەکی بکەوێت، کە وەك ئێستا پەکی کەوتووە، پرۆفیسۆر ماکس بوت لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەرپرسانی ئەمریکا لە خواستی راستەقینەی سەرۆك ئۆباما تێگەیشتبوون کە نایەوێت چی دیکە هێزەکانیان لەعێراقدا بمێننەوە، بۆیە هەوڵیان نەدا بەرپرسە عێراقیەکان قانیع بکەن بەوەی پێویستە ئەو هێزانە بۆ ماوەیەکی دیکەش لە عێراقدا بمێننەوە، لەبەر ئەوە ئۆباڵی کشانەوەی هێزەکان لە ٢٠١١ تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی سەرکردە عێراقیەکان، بەڵکو ئەوە خواست و ستراتیژی کۆشکی سپی بووە.

ئەگەر لەم قسەیەی پرۆفیسۆر ماکس بوتەوە سەرنج لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق لەماوەی ٣ ساڵی ڕابردوو بدەین، ئەوا هەست بە جۆرێك لە کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن دەکەین، هەر بۆ نموونە بەڕێز جۆزیف بایدن کە جێگری سەرۆك ئۆبامایە کەسی یەکەمە لە کۆشکی سپی کە راسپێردراوە سەرپەرشتی فایلی عێراق بکات، هەست دەکەین لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق سەردانی ئەو وڵاتەی نەکردووە، ئەمە لە کاتێکدا لە ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوشدا، سەرۆك بوش هەفتانە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقدا بە رێگەی تیلکۆنفراس بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی دەکرد، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧ بوش کە زانی بارودۆخی عێراق بەرەو شەڕی مەزهەبی ناوخۆ دەچێت، بەپەلە هێزی زیادکراوی نارد بۆ عێراق و توانی کۆنترۆڵی توندوتیژی بکات، بەڵام سەرۆك ئۆباما نەیتوانی سوود لەو هەموو دەستکەوتە وەربگرێت کە پرۆسەی ناردنی هێزی بەپەلە(surge) بەدیهێنابوو، پرۆسەی زیادکردنی بەپەلەی هێز لە ٢٠٠٧ توانی توندوتیژییەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق تارادەیەکی زۆر کەمبکاتەوە، ئەمەش دەکرا ببێتە زەمینەیەك بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر بەرەو چەسپاندنی دیموکراتی و بونیادنانی هەرێمەکان و بە پراکتیزە کردنی فیدرالی لە عێراقدا بکرێت، بەڵام ئەم زەمینەیە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی و فیدرالی پێویستی بە چاودێرێکی وەك ئەمریکا بوو، بۆ ئەوەی چاودێری پرۆسەی سیاسی عێراقی بکردایە و رێگەی نەدایە مالیکی بنەماکانی دیموکراتی لە ریشەوە هەڵتەکێنێت، پرۆفیسۆر ماکس بوت پێیوایە سەرۆك ئۆباما بەوجۆرە هێزی لە عێراق کێشایەوە بۆ ئەوەی پێوەندییەکی درێژمەودا لەنێوان ئەمریکاو عێراق دابمەزرێنێت، بە هاوشێوەی پێوەندی درێژمەودای نێوان بەریتانیاو فەرەنسا، بەڵام ئەم ئامانجە نەهاتە دی و عێراق لەبری ئەوەی بەرەو دیموکراتیەت و فیدرالی و جێبەجێکردنی دەستوور هەنگاو هەڵبگرێت، ئێستا بەرەو ئەسۆریتاریانیزم و دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆ ئەمەش وەك ماکس بوت جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئێستا هیچ بەرپرسێکی پایە بڵندی ئەمریکا نییە گومانی لەوە هەبێت کە نوری مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵناگرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا زۆربەی پسپۆران و تایبەتمەندانی ناوەندەکانی توێژینەوە لە ئەمریکا، سەبارەت بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بەرامبەر بەعێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە سەرۆك ئۆباما هەموو قوربانییەکانی ئیدارەی جورج دەبلیو بوشی کرد بە قوربانی کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق، کە ئێستا باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق کە گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکایە لە جیهاندا لەرێگەی ئەو کۆمپانیانەوە دەپارێزرێت کە بە بەڵێندەرایەتی ئاسایش دەپارێزن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا هێندە هێزی لە عێراقدا هەیە هەتا بتوانێت باڵیۆزخانەکەی خۆی پێبپارێزێت. ئەمەش وایکردووە ترسی ئەوە دروست بێت بەهۆی پاڵپشتی ئەمریکا لە حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی شەڕی دژە تیرۆردا، نوری مالیکی لەژێر پەردەی شەڕی دژە تیرۆردا، داخوازییەکانی پێکهاتەی عەرەبی سوننە سەرکوت بکات و ببێتە هەڕەشەش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەم مەترسییە نەك هەر لە جێگای خۆیدا بووە، بەڵکو چەندین جار سەرکوتی خۆپیشاندەرانی کردووە و ئێستاش گەمارۆی ئەنباری داوە لەژێر پەردەی شەڕی دژە تێرۆردا، بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانیش برینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کردۆتە کارتێکی گوشار بۆ ئەوەی هەرێم ناچار بکات واز لە مافە دەستوورییەکانی خۆی بهێنێت و چۆك بۆ مالیکی دابدات، لەمەش ترسناکتر رەفتاری هەفتەی رابردوویەتی بەرامبەر بە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عێراق، بەوەی چی دیکە حکومەت پەرلەمان وەك چاودێرێك بەسەر خۆیەوە نابینێت و بایکۆتی پەرلەمان دەکات، ئەم رەفتارەش وەك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا کە لە رێوڕەسمی هاتنەوەی روفاتی ٩٣ بارزانی ئەنفالکراودا رایگەیاند، ئەمە کودەتایە بەسەر دیموکراتی، بە دیوێکی ئەمە مانای ئەوەیە کە نوری مالیکی چی دیکە نایەوێت لە عێراقدا دیموکراتی بوونی هەبێت.

**عێراق لەبری ئەوەی بەرەو دیموکراتیەت و فیدرالی و جێبەجێکردنی دەستوور هەنگاو هەڵبگرێت، ئێستا بەرەو ئەسۆریتاریانیزم و دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆ ئەمەش وەک ماکس بوت جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئێستا هیچ بەرپرسێکی پایە بڵندی ئەمریکا نییە گومانی لەوە هەبێت کە نوری مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵناگرێت**



## د. موەفەق روبەیعی بۆ گوڵان:

# ئەم بارودۆخە تای هەڵبژاردنە.. بۆیە دەبێت پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەشێوەیەکی کاتی تا دوای هەڵبژاردن چارەسەر بکریت

**د.موەفەق رەبیعی یەکێکە لە سیاسەتمەدارانی شیعەی عێراق و پێشتر راویژکاری ئاسایشی نیشتمانیی دەوڵەتی عێراق بووە و ئێستا پەرلەمانتارە لەسەر لیستی هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراقی، سەبارەت بەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستای نێوان هەولێر و بەغدا دروست بووە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەم جۆرە رای خۆی دەربڕی:**

((دەربارەی ئەوەی کە لەم دواییەدا لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرال روویدا، من ئەوەندە دەڵێم کە هاوپەیمانێتیی نێوان کوردو شیعە یان بە گوزارشتێکی دیکە لە نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی بەغدا تاکە مەرج و بنەمای دابینکردنی ئارامی و بەیەکەوە ژیانە، هەر ئەوەش بووە فاکتەرێك بۆ رووخانی رژێمی سەدامی بەعسی و بونیاتنانەوەی عیراقی تازە و هێنانەکایەی دیموکراسی و فیدرالییەت لە عیراقدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لایەنی سێیەم کە پێکهاتەی سوننەیە پشتگوێ بخرێت و گرنگیی پێ نەدرێت، بۆیە دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو

### حکومڕانیی مالیکی و دروستکردنی دەوڵەتی سێبەر لەناو دەوڵەتدا

نوری مالیکی کە لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠ ڕێککەوتنی هەولێری ئیمزا کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی بنکە فراوانی نیشتمانی، ئامانج لەم ڕێککەوتنە ئەوەبوو ئەو حکومەتەی لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی هەولێر پێکدەهێنرێت، دەبوو کۆمەڵێك ڕێوشوێنی تازە پیادە بکرێت لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا، کە ئەم دابەشکردنە دەبووە ڤیتۆ لەسەر دەسەڵاتی مالیکی بۆ ئەوەی سنورێك بۆ دەسەڵاتە تاکڕەوییەکانی دابنرێت و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا راستبکرێتەوە، بەڵام ئەوەی لەم ڕێککەوتنە جێبەجێکرا تەنها دەسنیشانکردنی هەرسێ سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان و حکومەت و کابینەیەکی وەزاری نیوەچڵ بوو، کە پۆستە گرنگەکانی ناوخۆ و بەرگری بە بەتاڵی مابوونەوە و هەتا ئێستاش هەر بەوەکالەت پڕکراونەتەوە، سەبارەت بەوەی چۆن مالیکی ئەمەی بۆ چووە سەر، ناوەندەکانی توێژینەوە، بە تایبەتیش ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە، کە نزیکە لە ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنات، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەمریکا پشتگیری لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی هەولێر کرد، بەڵام دوای ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنە، ئەمریکا دوور کەوتەوە بە بیانووی ئەوەی سەروەریی تەواو بۆ عێراق گەڕاوەتەوە و عێراقیەکان دەبێت خۆیان ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن، هەروەها ئەو ناوەندانە دەڵێن ئەمریکا زۆر شانازی بە ڕێککەوتنی هەولێرەوە دەکرد، بەوەی توانرا حکومەتێك پێکبهێنرێت کە دوورە لە نەفەسی مەزهەبگەرایی و حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانییە، هەربۆیە ئەو ناوەندانەی توێژینەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەمریکا هەڵەی کرد چاودێری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەولێری نەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو چاودێری نەکردنە دەستی مالیکی واڵاکرد بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی رەفتار بکات و ئەنجوومەنی وەزیران بکاتە کارتۆنی و دەسەڵاتی راستەقینە لە نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیراندا چڕ بکاتەوە، هەروەها دەرگای واڵاکرد بۆ گوشاری ئیقلیمی کە وەك پرۆفیسۆر تۆبی دۆج لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە هەڵوێستێکی سەماحەتی موقتەدا سەدر کردووە، بەوەی موقتەدا سەدر رازی نەبووە جارێکی دیکە مالیکی ببێتەوە بەسەرۆك وەزیران، بەڵام بە تۆبی دۆجی راگەیاندووە ئەو لەژێر گوشاری ئیقلیمی بەوە رازی بووە، راشکاوانە گوتوویەتی ئێوە نازانن چ

> **دەبوو کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تازە پیادە بکرێت لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا، کە ئەم دابەشکردنە دەبووە ڤیتۆ لەسەر دەسەڵاتی مالیکی بۆ ئەوەی سنورێک بۆ دەسەڵاتە تاکڕەوییەکانی دابنرێت و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ڕاستبکرێتەوە**


هاوپەیمانێتییەی نێوان کورد و شیعە بە پلەی یەکەم بناغەیەکە بۆ ئەم بنیاتنانەوەیە و چەسپاندنی یەکێتیی عیراق، بەڵام ئەو مشتومڕو کێشمەکێشەی ئەم دواییە لە روانگەیەکی ستراتیژییەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەڵکو لەبەر رکابەریی هەڵبژاردنە، بۆیە پێویستە کار نەگاتە ئەوەی جڵەوی کاروبار و ئەو بەیەکەوەژیانەمان لە دەست بچێت، چونکە دوایی بە عاقڵمەند و سیاسەتمەدارانی وڵاتیش جارێکی دیکە ناتوانرێت کۆنتڕۆڵی دۆخەکە بکرێتەوە. بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکان پێش هەموو شتێك پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسییە لە چوارچێوەی ئارامی و سەقامگیریی بارودۆخی ئەمنی تاکو بتوانین هەنگاو بۆ چارەسەری ئەم دۆسێیە بهاوێژین، چونکە من لەم باوەڕەدام ئەو ئیرادە سیاسییە دوای هەڵبژاردن گەڵاڵە دەبێت، واتا جوداکردنەوەی دەنگەکان و راگەیاندنی ئەنجامەکان. پێویستە بە گیانێکی بەرپرسیارانە رەفتار بکەین چونکە جارێ دەبێ هەنگاوی دیکە بۆ شتی لەپێشتر بهاوێژین، بەڵام لە کێشەی ئابووریدا هەمیشە چارەسەری مامناوەندی پەسندە، راستە من لە دەوڵەتی یاسام و لە حکومەتی فیدرالم، بەڵام شانازییە کە من پەیوەندیی تۆکمە و بەهێزم هەیە لەگەڵ جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و زۆر لە برایانم لە هەرێمی کوردستان، بۆیە هیوادارم هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدرال دەست بە دیالۆگی جیددی بکەن بەلایەنی کەم بۆ تێپەڕاندن و دەربازبوونی ئەم کێشەیە، واتا بۆ چارەسەری کاتی تا ئەو چەند مانگەی ماوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عیراق، نابێ بڕوانینە چارەسەری هەمیشەیی چونکە ناکرێ هەموو کێشەکان بە یەك جار یەکلایی بکرێتەوە و بە خێرایی چارەسەر بکرێت، بۆ نموونە یەکەم جار بە شێوەیەکی کاتی پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەین تا پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، با جارێ ئەم بابەتە تێپەڕێنین، ئێستا بە شێوەی تەکتیکی کێشەکان چارەسەر بکەین و لە قۆناغی داهاتوودا بە دیدی ستراتیژییانە بڕوانینە کێشەکان.

گوشارێکم لەسەر بووە، بە دروستبوونی ئەم بارودۆخە وەك گۆڤاری فۆرین ئەفیرز ئاماژەی پێکردووە، زەمینەیەك بۆ نوری مالیکی رەخسا بەوەی بتوانێت هەمان تاکتیکی حکومڕانەکانی پێش خۆی لە عەبدولکەریم قاسمەوە تا سەدام حوسێن دووبارە پیادە بکاتەوە.

بۆ راستکردنەوەی ئەم بارودۆخە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نەورۆزی ٢٠١١ بە هەموو جیهانی راگەیاند، پێشێلکردنی رێککەوتنی هەولێر هەنگاوێکە بۆ دروستبوونی دیکتاتۆریەتێکی دیکە لە عێراقدا و ئەمەش قبوڵ ناکرێت، داوای کرد هەرچی زووە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق رێگە لەم دیاردە ترسناکە بگرن، هەروەها بەڕێز مسعود بارزانی لەسەردانیشیدا بۆ ئەمریکا، لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما لە کۆشکی سپی دووبارە سەرۆك ئۆبامای لەم مەترسییە ئاگادار کردەوە.

بێگومان دوای ئەم پەیامەی بارزانی هەموو پێکهاتە سیاسییەکان هاتنەوە بۆ هەولێر و تەنانەت سەماحەتی سەدر لە ئێرانەوە هات بۆ هەرێمی کوردستان و تێکڕای پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق گەیشتنە ئەو قەناعەتەی یان دەبێت رێککەوتنی هەولێر جێبەجێ بکرێت، یان ئەوەتا دەبێت لەناو پەرلەمانی عێراق متمانە لەنوری مالیکی سەرۆك وەزیران وەربگیرێتەوە، بەڵام ئەمجارەش لەبەر ئەوەی ئەمریکا بەجددی نەهاتە ناو پرۆسەکە و لەبەر ئەوەی کاریگەری دەوڵەتێکی ئیقلیمی لەسەر رەوتی سەدر و هەندێك لایەنی دیکەی عێراقی هەبوو، وایکرد پرۆسەی متمانە وەرگرتنەکە سەرکەوتوو نەبێت و هێندەی دیکە نوری مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵبگرێت، هەتا گەیشتۆتە ئەوەی بودجەی فەرمانبەرانی هەرێم ببڕێت و لەمەش زیاتر هەڕەشەی ئەوە دەکات بایکۆتی پەرلەمان بکات و بەبێ پەسەندکردنی پرۆژە بودجەی عێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە بە ئاشکرا بەرێگەی نووسینگەی تایبەتی خۆی نەك ئەنجوومەنی وەزیران داهاتی عێراق تەخشان و پەخشان بکات، سەبارەت بەم بارودۆخەی ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، هەفتەی رابردوو جارێکی دیکە بەڕێز مسعود بارزانی هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقی ئاگادار کردەوە کە هەموو بەتەنگ ئەم بارودۆخەوە بێن بۆ ئەوەی عێراق بەتەواوەتی لە دەست نەچێ، لەمەش زیاتر ئەمجارەیان بارزانی پەیامی خۆی زۆر راشکاوانە ئاراستەی بەغدا کردو پێی راگەیاندن:

**گۆڤاری فۆرین ئەفیرز ئاماژەی پێکردووە، زەمینەیەک بۆ نوری مالیکی رەخسا بەوەی بتوانێت هەمان تاکتیکی حکومڕانەکانی پێش خۆی لە عەبدولکەریم قاسمەوە تا سەدام حوسێن دووبارە پیادە بکاتەوە**



## کازم شممەری بۆ گوڵان:

# نەناردنی مووچەی فەرمانبەران و بەشە بودجەی هەرێم.. سزادانی خەڵکی کوردستانە

**بارودۆخی ئێستای عێراق گەیشتۆتە ئاستێك مەزندەی هەموو ئەگەرێکی لێدەکرێت، لەم بارودۆخە ناسکەدا بەرەو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرین، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق، پەرلەمانتاری ئیئتلافی وەتەنی کازم شممەری لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رەوشی عێراقی خستە روو:**

((ئەم قەیرانە تەنیا کار لە یەك لایەن یان کۆمەڵێك ناکات بەڵکو هەموو گەلی عیراق دەکەونە بەر کاریگەریی ئەم قەیران و کێشەیە، لەلایەك دەبینین یاسای بودجە پەسند ناکرێت، لە لایەکی دیکەوە ئاڵوگۆڕکردنی تۆمەت بۆ یەکدی لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دێتە ئاراوە، ئەویش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی دیکەیە، بەزاندنی دەسەڵات لە ئارادایە لە نێوان حکومەت و پەرلەمانی فیدرال، هەروەها حکومەتی فیدرال کاتێ سزای هەرێمی کوردستان دەدات و مووچەی فەرمانبەرانی دەبڕێت و پشکیی تایبەتی لە بودجەی بۆ رەوانە ناکات، بۆیە پێویستە مەرجەعێکی سیاسی هەبێت بێتە سەر هێڵ و بتوانێت چارەسەری گونجاوو پەسندکراو

١. ئەگەر بەردەوام بن لەوەی بەرێگەی نەناردنی بودجە گوشار بخەنە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی شکۆی هەرێم بشکێنن، ئەوا بارزانی رایگەیاند بڕیارێك دەدەین کە دەسەڵاتدارانی بەغدا مەزندەیان نەکردبێ، چاوەڕێمان بکەن بزانن ئەو بڕیارە دەدەین یان نا.

٢. ئەگەر نوری مالیکی هێڵێکی راست و چەپ بەسەر پەرلەماندا بێنێت، ئەوا ئەمە مانای کودەتایە، ئێمەش پێوەندیی خۆمان لەگەڵ حکومەتێك دەپچڕێنین کە کودەتا بەسەر پەرلەماندا بکات.

ئەگەر لە پەیامی ئەمجارەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وردبینەوە، هەست دەکەین سەبارەت بە راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق جۆرێك لە بێئومێدی پێوە دیارە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێندە جڵەوەکە لەلایەن ئەمریکا بۆ مالیکی شلکراوە، لەسەر ئاستی ئیقلیمیش کۆمەڵێك هەڵوێست و بەرژەوەندی هاوبەش بوونە هاندەر بۆ ئەوەی مالیکی لەسەر ئەم سیاسەتەی بەردەوام بێت، بۆیە لە بارودۆخێکی لەم جۆرە تەنها دەکرێت نوری مالیکی ناچار بکرێت کە لەسەر لێواری هەڵدێر بە هۆش خۆی بێتەوە و بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، ئەم هەنگاوە تەنها بەلایەنی کورد یان کوردستانی جێبەجێ ناکرێت و پێویستی بە کۆدەنگی و پشتگیری تەواوی لایەنە سیاسییەکانی عێراقە، پێش هەموویان هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعە کە دەبێت لەم قۆناخە ناسکە رۆڵی مێژوویی خۆیان بگێڕن، ئاگاداری ئەو راستیە بن کەوەك بەڕێز موەفەق روبەیعی بۆ ئەم راپۆرتە بە گوڵانی راگەیاند: (تەنها رێگە بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە ناسکە، مانەوەی هاوپەیمانییە لە نێوان هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعە و هاوپەیمانی کوردستانی، ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە درزی تێبکەوێت، ئەوا عێراق بوونی نامێنێت و گەورەترین مەترسی لەسەر یەکپارچەیی عێراق دروست دەبێت)، ئەم ئاماژەی بەڕێز روبەیعی دەستخستنە سەر کرۆکی کێشەکانە بۆیە دەبێت مەرجەع و سەرکردە سیاسییەکانی دیکەی شیعە لەو راستیە بەهۆش خۆیان بێنەوە، بەوەی نوری مالیکی یاری بە چ ئاگرێکی ترسناك دەکات، کە پێش هەموو لایەك یەکڕیزی نێو ماڵی شیعە و ئایندەی پێکهاتەی شیعە گڕتێبەردەدات.

بەڕێز مسعود بارزانی ئەم جارەش هەستی بە مەترسی ئەم بارودۆخە ناسکە کردووە، بۆیە بەهەموو عێراقیەکان و جیهانی راگەیاند (دەزانم چی دەڵێم و مەبەستیشمە لەوەی دەیڵێم)، بن دێڕی ئەم قسانە شیکردنەوەیەکی وردی

بۆ هەموو لایەنە پێکناکۆکان دابنێت و هاوولاتیان چی دیکە باجی ئەو کێشانە نەدەن، دەوڵەتان ئێستا خەریکی گرفت و کێشەی سیاسیی جیهانن، بۆیە عیراق پێویستی بە مرۆڤی دانا و بەتوانا هەیە، چەندین کارەسات سەری هەڵداوە رۆژانە بەدەیان منداڵ بێ باوك دەبن و کوشتن و ماڵوێرانی و سەرگەردانی بەرۆکی عیراقییەکانی گرتووە، دەبینین کە ئەنبار گڕی گرتووە، رۆژانە بە دەیان بگرە بە سەدان خێزان ئاوارەو بێ جێ و رێ دەبن و روو لە پارێزگاکانی دیکە دەکەن، ئێستا عیراق بە سەختترین قۆناغدا تێدەپەڕێت، بە تایبەتیش ئێستا هەڵبژاردن نزیك بۆتەوەو ئەم کێشەو قەیرانانە هەمووی بۆ هۆکاری دەستتێوەردانی لایەن و پێکهاتە جیاجیاکانی عیراق بە گشتی دەگەڕێتەوە. ئەم بارودۆخە وایکردووە کێشەیەك تەواو نابێت یەکێکی دیکەشی بەدوادا دێت ، بۆیە دەتوانم بڵێم کە سیاسەتمەدارو بەرپرسان لەبەردەم چیایەك لە گرفت و قەیراندان ناتوانن بە هیچ شێوەیەك چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە ، ئێمە ئێستا پێویستیمان بە موعجیزە هەیە ئەگەر نا زۆر زەحمەتە بتوانرێت هەروا بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، لە ئێستا ئێمە دادگای فیدرالیشمان سەربەخۆ نییە هەتا سنورێك بۆ پێشلکارییەکان دابنێت، هەر بۆ نموونە لە میسر کاتێ مورسیی لە سەرەتادا بایدایەوە و داواکاریی گشتی و دەزگاکانی دیکەی پەکخست، ئەنجومەنی گەلی هێنا، دەبینین دادگای دەستووری بەخۆکەوت و سنوورێکی بۆ تاکە کەسێك داناو رایگەیاند کە ئەم هەڵبژاردنەی کرا دروست نەبوو و پێویستە گەل هەڵبژاردنی دیکە بکاتەوە، بۆیە من هەر لە سەرەتاوە هیوای ئەوەم دەخواست کە دەسەڵاتێکی دادوەریمان هەبێت کە بتوانێت سنوورێك بۆ ئەو زێدەڕۆییانە دابنێت، بەڵام ئێمە بەداخەوە ئەو دەسەڵاتە دادوەرییەمان نییە کە بتوانێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆبگرێت و سنوورێك بۆ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن دابنێت، ئەگەر زێدەڕۆییان لە دەسەڵاتەکانی خۆیاندا کرد، بۆیە من پێموانییە دەسەڵاتی دادوەری لە عیراق سەربەخۆو بێ لایەن بێت، ئەگەرنا دەیتوانی هەرنەبێت تا رادەیەك بەشداری لە چارەسەرکردن و یەکلایی کردنەوەی ئەم هەموو کێشانەی لە وڵاتدا بکات کە سەریان هەڵداوە.))

بارودۆخی ئێستای عێراق و زەمینە سازییە بۆ ئەوەی عێراقیەکان خۆیان بۆ بڕیارێکی مێژوویی قورس ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەوەی دەکرێت لەم قۆناخە رزگاری بکەن و پرۆسەی سیاسیی بگەڕێننەوە سەر سکەی راستەقینەی خۆی و چیدیکە بوار نەدرێت جارێکی دیکە لە عێراقدا دیکتاتۆر زیندوو بێتەوە، بۆیە ئەگەر بن دێڕی پەیامە چڕ و پڕەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بخوێنینەوە، دوو ئاراستەی دیاری کردووە، بەو سیفەتەی لە عێراقدا دوو بەرپرسیاریەتی گرنگی لەسەر شانە:

١. وەك یەکێك لە گرنگترین سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، کە هەر لەسەردەمی کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقەوە رۆڵێکی کاریگەر و گرنگی هەبووە بۆ یەکڕیزی عێراقیەکان، لەدوای ئازادکردنی عێراقیشەوە لە ٢٠٠٣ رۆڵێکی گەورە و گرنگی هەبووە لە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ، بۆیە بەڕێز مسعود بارزانی خۆی لەم بەرپرسیارە مێژووییە لانادات، بۆیە جارێکی دیکە داوا لەهەموو پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییەکان دەکات، بە تایبەتیش پێکهاتەی شیعە، کە زەمینەسازی بکەن بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی و ئامادەباشی بۆ وەرگرتنی هەڵوێست و داڕشتنی بڕیاری قورس، بۆ ئەوەی عێراق جارێکی دیکە لە دیکتاتۆریکی نوێ رزگاری بێت. کە ئەمەش هەڵوێستێکی ئەخلاقی سەرۆك بارزانییە کە لەهەموو رووداوە سیاسییەکانی عێراقدا، خاوەنی ئەو هەڵوێستە بووە.

٢. بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان، بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی و سیاسی و دەستووری و ئەخلاقی لەسەر شانە بەرامبەر گەلی کوردستان، بەڕێز مسعود بارزانی بۆیە گەلی کوردستان دەنگیان پێداوە بۆ ئەوەی بەپرسیار بێت لە ئازادیی کوردستان، بۆیە کاتێك نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەیەوێت بەرێگەی بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کورستان ناچار بێت، دەستبەرداری مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بێت و رازی بێت بەوەی هەیبەت و کەرامەتی هەرێمی کوردستان بشکێنرێت، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە سەرۆکی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ رای گەلەکەی خۆی و بارزانی لەوە دڵنیایە کە گەلی کوردستان داوای ئەوەی لێدەکەن بڕیارێك بدات، کە هێشتا نوری مالیکی و مالیکیەکان مەزندەیان بۆ ناچێت و پێیانوایە ئەو بڕیارە نادرێت.

# The Iraq We Left Behind

## Welcome to the World's Next Failed State

By Ned Parker

FROM OUR MARCH/APRIL 2012 ISSUE

This article is part of the Foreign Affairs Iraq Retrospective.

COMMENT (10)
TWEET
SHARE
EMAIL
PRINT
CITE
SAVE TO KINDLE
BUY ARTICLE



Caught in the crossfire: an Iraqi soldier on patrol in Baghdad, March 2009 (Reuters / Mohammed Ameen)

MOST VIEWED

DON'T MISS
SNAPSHOT

## گۆڤاری فۆرن ئەفێرز:

# تاکتیکی مالیکی بۆ حکومڕانی ئەمەیە ((خۆت پێش هەموو شت.. سوپا و ئاسایش و پۆلیس و هەواڵگری ڕەحم نەکەن))

لەژمارەی مانگی مارت و نیسانی ٢٠١٢ گۆڤاری بەناوبانگی ئەمریکا و جیهان (فۆرین ئەفێرز) توێژینەوەیەکی بۆ نید پارکەر بەڕێوەبەری نوسینگەی ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلوس تایمز بڵاو کردۆتەوە، گوڵان پێشتریش ئاماژەی بەچەند لایەنێکی ئەم توێژینەوە گرنگە کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە جارێکی دیکە بۆتەوە جێگەی قسەوباس و مشتومڕی تۆژەرانی باڵا لە ناوەندەکانی توێژینەوەکانی جیهان و ئەو مەزندانەی ئەو توێژینەوەیە خستووینە ڕوو، خەریکە بەتەواوەتی لە واقیعی عێراقدا هەستی پێدەکرێت، بۆیە هەندێك وردەکاری تێدایە کە ئێمە لە گۆڤاری گوڵان پێشتر ئاماژەمان پێ نەکردووە، ئەوجا بۆ ئەوەی خوێنەرانی گوڵان ئەم لایەنەی ئەو توێژینەوە گرنگە ئاگادار بن کە شێوازی تاکتیکەکانی مالیکی بۆ بوون بە دیکتاتۆر ئاشکرا دەکات، بە کوردی بڵاوی دەکەینەوە:

١. ئەو تاکتیکانەی مالیکی بۆ حکومڕانی عێراق پیادەی دەکات، هەمان ئەو تاکتیکانەیە کە سەرۆك و سەرۆك وەزیرەکانی پێش خۆی لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە یەکەم سەرۆك وەزیرانی سەردەمی پادشایەتی پیادەی کردووە، ئەمەش تادەگاتە عەبدولکەریم قاسم و سەدام حوسێن، ئەو تاکتیکەش بریتییە لەوەی (خۆت پێش هەموو شت، بەکارهێنانی دەزگاکانی سوپا و هەواڵگری و ئاسایش و پۆلیس، بەشێوەیەکی دڕندانە بۆ مانەوەت لەسەر کورسی دەسەڵات)

٢. مالیکی وەك دوژمن لەگەڵ ڕکابەرە سیاسییەکانی ڕەفتار دەکات، هەروەك چۆن لەگەڵ ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە ڕەفتاری کرد.

٣. مالیکی وەزیری مافی مرۆڤی عێراقی دوور خستەوە و لە جێگەی ئەو یەکێکی نزیك خۆی دانا، ئەمەش بۆ

ئەوەبوو هیچ چاودێرێکی مافی مرۆڤ نەبێت بەسەر ئەو رەفتارانەی لە بەندیخانە نهێنییەکاندا دژ بە رکابەرە سیاسییەکانی پیادەی دەکات و راستەوخۆ لەلایەن ئەحمەد مالیکی کوڕی مالیکیەوە پیادە دەکرێن.

٤. بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین مالیکی چۆن حکومڕانی دەکات، کارێکی باش دەکەین سەردانی ناوچەی سەوز بکەین کە رووبەرەکەی ٣,٩ میل دووجایە و دەکەوێتە ناوەڕاستی بەغدا، مالیکی لە ٢٠٠٩وە هاتوّتە ئەم ناوچەیە، لەو کاتەوە تائێستا لاسایی ئەمریکییەکان دەکاتەوە کە چۆن قولە و قەڵایان بۆ خۆپاراستن دروستکردووە، تەنانەت لاسایی کردنەوەکەی بەو جۆرەیە هەمان رەنگیش بەکاردێنێتەوە کە ئەمریکییەکان بەکاریان هێناوە.

٥. چوونە ژوورەوە بۆ ناو ناوچەی سەوز لە رێگەی کارتێکی تایبەتەوە دەبێت، یان دەبێت کەسێکت لەگەڵدا بێت و نزیك بێت لەمالیکیەوە، بەهای ئەو کارتی چوونە ژوورەوەیە وەك ئەفسەرێکی ئەمریکی پێ گوتم گەیشتوّتە ١٠ هەزار دۆلار.

٦. گەورەترین هێمای هێزی مالیکی لەناو گرین زۆرن (سەربازگەی شەرەفە)، ئەم کەمپە لەساڵی ١٩٩١ سەدام حوسێن دروستی کردووە، لە ٢٠٠٩وە بۆتە گەورەترین بەندیخانەی نهێنی کە لەلایەن ئەحمەدی کوڕی مالیکیەوە سەرپەرشتی دەکرێت و سەر بە نووسینگەی تایبەتی نوری مالیکیە.

٧. لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ لەلایەن یەکەیەکی سەربازی و یەکەیەکی دژە تیرۆرەوە ٤٣٠ پیاوی عەرەبی سوننە لە موسڵەوە هێنراون بۆ بەندیخانەی نهێنی سەربازگەی شەرەف.

٨. یەکەم بەندکراو کە لەم بەندیخانە نهێنیەوە گواستراوەتەوە بۆ بەندیخانەیەکی دیکەی نهێنی لە فرۆکەخانەی موسەننا، لە مارتی ٢٠١٠ لەلایەن لیژنەی چاودێری مافەکانی مرۆڤەوە ئاشکرا کراوە، بۆ ئەوەی ئەمە نەبێتە جێگەی قسەو باسی میدیاکان، مالیکی بەڵێنی داوە بەندیخانە نهێنییەکەی فرۆکەخانەی موسەنناو سەربازگەی شەرەف دابخات، بەڵام پێش هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ بەندیخانەی موسەنناى داخستووە، بەڵام بەندیخانەی شەرەف هەرماوە.

٩. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ لیژنەیەکی پەرلەمانی عێراق سەردانی سەربازگەی شەرەفی کرد، لەوێ کارەساتیان دژی مافەکانی مرۆڤ بینیبوو، مالیکی بەڵێنیشی بە لیژنەی پەرلەمانی عێراق دابوو کە ئەو بەندیخانە نهێنییە دابخات، بەڵام دوای ئەوە ئەو پەرلەمانتارانەی خۆیان سەردانیان کردبوو، پێیان راگەیاندم دانەخراوە.

١٠. بەڵگەی تەواو لەبەردەستی من هەیە کە لە بەندیخانە نهێنیەکانی مالیکی ترس و تۆقاندنی دڕندانە دژ بە نەیارە سیاسییەکانی پیادە دەکات، بۆ ئەوەی ئیعترافیان پێبکات و پاشان ئیعترافەکەیان تۆمار بکات و لەدادگا بە گەندەڵی یان کاری تیرۆریستی تاوانباریان بکات.

١١. لە مانگی ٦ی ٢٠١١ خاچی سووری نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای دیدارەکانی لەگەڵ ئەو بەندییانەی لە بەندیخانەی نهێنی سەربازگەی شەرەفەوە دوای ئەوەی ئیعترافیان بە زۆر پێکراوە و رەوانەی بەندیخانەی یاسایی و ئاشکرا کراون، نامەیەکی ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق کردووە، من وێنەیەکی ئەو نامەیەم وەك بەرپرسی نووسینگەی لۆس ئەنجلوس تایمز لە بەغدا پێگەیشتووە، لەم نامەیەدا سەرۆك وەزیران لەم کارانە ئاگادار کراوەتەوە:

- لە نامەکەی خاچی سووری نێودەوڵەتی هاتووە کە لەناو بەندیخانەی نهێنی سەربازگەی شەرەف ئەشکەنجەیەکی سیستماتیکی دڕندانە دژ بەو بەندیانە بەکار دەهێنرێت.

- لەناو بەندیخانەی شەرەف پەنا بۆ هەتکردن براوە، هەروەها ئامێری کارەبایی ئەشکەنجەدان لە کۆئەندامی زاوزێی بەندییەکان دەدرێت.

- ئەوەشی لەهەموو شتێك زیاتر جێگەی هەڵوێستەیە و نامەکەی خاچی سوور ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە لەکاتی ئەم هەموو پێشێلکارییەی دژ بە مافی مرۆڤ دەکرێت هەندێك لەو دادوەرانەی سەر بە مالیکین ئامادەن و لەبەر چاوی ئەوان ئیعترافیان پێدەکرێت.

- نامەکەی خاچی سوور ئاماژە بەوە دەکات، بێجگە لەو بەندیخانە نهێنییە، هەر لەناو گرین زۆن ٣ بەندیخانەی دیکەی نهێنی هەیە، لەکاتی سەردانی لیژنەکانی خاچی سوور یان مافی مرۆڤ بەندییەکان دەگوازنەوە بۆ ئەو بەندیخانە نهێنیانە بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەیانبینێت.

١٢. ئامانجی مالیکی لەم بەندیخانە نهێنیانە ئەوەیە، نەیارە سیاسیەکانی ئیعتراف لەسەر گەندەڵی یان تێوەگلان لە کاری تیرۆرستی تاوانباربکات و لەکەسێتیان بدات و لەناویان بەرێت، ئەمە لەکاتێکدا عەبدولفەلاح سودانی کە یەکێکە لە نزیکەکانی مالیکی و وەزیری بازرگانی عێراق بوو، گەورەترین گەندەڵی لێ ئاشکرابوو و رووبەڕووی دادگا کرایەوە، بەڵام لە ناوەڕاستی بەغدا لەلایەن ملیشیاکانی مالیکیەوە رفێنراو رەوانەی دەرەوەی وڵات کرا، پاش ساڵێکیش دادگای عێراق، دۆسییەکەی ونکردو شاردیەوە.

**ئەو تاکتیکانەی مالیکی بۆ حکومڕانی عێراق پیادەی دەکات، هەمان ئەو تاکتیکانەیە کە سەرۆک و سەرۆک وەزیرەکانی پێش خۆی لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە یەکەم سەرۆک وەزیرانی سەردەمی پادشایەتی پیادەی کردووە**




## تۆبی دۆج:

# ئێستا له عێراقدا دەسەڵات مالیکییه و مالیکی دەسەڵاته

پرۆفیسۆر تۆبی دۆج سەرۆکی سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی لەندەن و تۆژەری مەیدانی لەسەر بارودۆخی عێراق، له موحازەرەیەکدا که بەبۆنەی دەرچوونی کتێبەکەیەوە (عێراق: لەشەڕەوە بەرەو ئەسۆریتاریانزمێکی نوێ) که سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژی (IISS) لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٣ بۆی سازکردووە، بەمجۆرە هەوڵەکانی مالیکی بۆ بوون بە دیکتاتۆر ئاماژە پێدەکات:

١. مالیکی له ساڵی ٢٠٠٦ـەوە دەستیکردووە بە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سەرەتا دەستی بەسەر حزبی دەعوادا گرت و خۆی بووە کەسی یەکەم له حزبی دەعوا.

٢. بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کابینەی ئەنجوومەنی

وەزیرانی عێراق، مالیکی کەوتە نزیککردنەوەی کەسە نزیکەکانی وەك ئەوانەی لەناو حزبی دەعوا شوێن ئەو کەوتبوون، دۆستان و هاوڕێکانی، نزیککردنەوەی کەسە نزیکەکانی خانەوادەکەی وەك کوڕەکانی، برازاکانی، زاواکانی، خوشکەزاکانی، ئەمانەی هەموو هێنایە ناو نووسینگەی تایبەتی خۆی لەناو ئەنجوومەنی وەزیران و پۆستی سەرەکی پێدان، بۆیە ئەوەی مالیکی لەرێگەی نووسینگە تایبەتیەکەیەوە کردوویەتی وەك دروستکردنی دەوڵەتی سێبەرە لەناو دەوڵەتەدا، یان دروستکردنی ئەنجوومەنێکی دیکەی وەزیرانە لەناو ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقدا، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی راستەقینە لەدەستی نووسینگەکەدایە.

٣. مالیکی کە لەمارتی ٢٠١٠ هەڵبژاردنی دۆڕاند لەمەش زیاتر مەیلی دیکتاتۆری تیا دەرکەوت، ئاکامی هەڵبژاردنی رەتکردەوە و داوای دووبارە بژاردنەوەی دەنگەکانی کرد، بەمەش پێکهێنانی حکومەتی عێراق ٢٥٠ رۆژی خایاند.

٤. مالیکی هەوڵیدا دەسەڵاتی قەزا کۆنترۆڵ بکات و ئەمەشی کرد، بۆیە کەمترین چاودێری قەزائی بەسەرەوەیە.

٥. بە بڕیارێکی دادوەر مەدحەت مەحمود سەرۆکی دادگای فیدرالی عێراق، بڕیاردرا ئەو دامەزراوانەی بۆ چاودێری هەڵسووڕانی حکومڕانی دەوڵەتی عێراق دامەزرابوون وەك:(دەستەی دەستپاکی، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بانکی ناوەندی، کۆمسیۆنی باڵای چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا) ئەمانە هەمووی خرانە ژێر چاودێری حکومەتەوە، کە لەراستیدا خرانە ژێر چاودێری راستەوخۆی شەخسی نوری مالیکیەوە.

٦. لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق د.سینان ئەلشەبیبی و جێگرەکەی رووبەڕووی تۆمەتی گەندەڵی کرانەوە، کاتێك سینان چووە دەرەوەی وڵات رێگە نەدرا بگەڕێتەوە بۆ وڵات و پێیان راگەیاند بگەڕێتەوە دەستگیر دەکرێت، بۆیە بەم رێگەیە بانکی ناوەندی کۆنترۆڵ کرد.

٧. لە نیسانی ٢٠١٢ بیانووی بەسەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان گرت، لەبەر ئەوەی ئەوی بە هۆکاری دۆڕانی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ دەزانی، بۆیە بە تۆمەتی گەندەڵی تەنیا ١٠٠٠ دۆلار بەندی کرد، پاشان بێ ئاگایی خۆی لەوە پیشاندا و پێی راگەیاند هەوڵدەدا ئازادی بکات، بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

٨. مالیکی لەبواری دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانیش زۆر سەرکەوتووانە توانی ئەم دامەزراوانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بۆ ئەمەش فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان کە لەبنەڕەتدا بۆ دروستکردنی هەماهەنگی دامەزرابوو لەنێوان سوپا و پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری، ئەم فەرماندەیەی هێنایە ژێر چاودێری نووسینگەی تایبەتی خۆی لە ئەنجوومەنی وەزیران، واتە ژێر چاودێری شەخسی خۆیەوە.

٩. لەساڵی ٢٠٠٧ دوای زیادکردنی بە پەلەی هێز لەلایەن ئەمریکاوە، فەرماندەیی بەغدا دامەزرا بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەنێوان هێزەکانی ئەمریکا و هێزە چەکدارەکانی عێراق دروست بکات، نوری مالیکی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لاسایی ئەم هەنگاوەی ئەمریکای کردەوە و فەرماندەی سەربازی بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دروستکرد، هەروەك چۆن فەرماندەیی دیجلەشی دروستکرد، مەبەست لە دروستکردنی ئەم فەرماندەییانە بۆ شارەکانی عێراق ئەوەیە کە تەنیا یەك ژەنراڵی سوپا پەیوەندی نێوان هێزە چەکدارەکانی سوپا و پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری پارێزگاکان رێکبخات، ئەو ژەنراڵەشی دەبێتە فەرماندەی ئەو فەرماندەییانە، راستەوخۆ لە ژێر چاودێری نووسینگەی سەرۆك وەزیران دەبێت و شەخسی نوری مالیکی بە مۆبایل فەرمانی پێدەدات.

٠١. لە نیسانی ٢٠٠٧ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی عێراق کە ژمارەیان ٤٥٠٠ سەرباز بوو لەلایەن هێزەکانی بە بەرزترین ئاست مەشق و راهێنانیان پێ کرابوو دامەزرا، ئەم هێزە بە باشترین هێزی سەربازی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار دەکرێت، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، مالیکی نووسینگەی دژە تیرۆری دروستکرد و هێزی ئۆپەراسیۆنی عێراقیشی هێنایە ژێر چاودێری هێزی دژە تیرۆر، کە نووسینگەی دژە تیرۆریش بەشێکە لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە ئەنجوومەنی وەزیران، واتە ئەم ٤٥٠٠ سەربازەشی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئێستا عێراقیەکان بەم هێزە دەڵێن فیدائییەکانی مالیکی وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو هێزەی سەدام حوسێن کە پێیان دەگوت، فیدائییەکانی سەدام.

١١. سەبارەت بە هەواڵگریش، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، هەموو ئەو بەرپرسە سەرەکی و ناوەندییانەی دەزگای هەواڵگری عێراقی گۆڕی کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە مەشقی سەردەمیانەی تەکنەلۆژیایی نوێیان پێکرابوو، هەموویانی لابرد و لەجێگەی ئەوان کەسە نزیکەکانی خێزانەکەی و ئەندامانی حزبی دەعوای دانا.

**مالیکی کە لەمارتی ٢٠١٠ هەڵبژاردنی دۆڕاند لەمەش زیاتر مەیلی دیکتاتۆری تیا دەرکەوت، ئاکامی هەڵبژاردنی رەتکردەوە و داوای دووبارە بژاردنەوەی دەنگەکانی کرد**

**نووسینگەی دژە تیرۆریش بەشێکە لە نووسینگەی تایبەتی مالیکی لە ئەنجوومەنی وەزیران، واتە ئەم ٤٥٠٠ سەربازەشی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئێستا عێراقیەکان بەم هێزە دەڵێن فیدائییەکانی مالیکی وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو هێزەی سەدام حوسێن کە پێیان دەگوت، فیدائییەکانی سەدام**

# سیاسەتەکانی مالیکی، عیراق و هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەبات؟


کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەدواداچوونێکی بەرپرسانەو بەردەوام بۆ سیاسەتەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عیراق لەهەمبەر عیراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی سێ پرسی جەوهەری و سەرەکی لێ دەکەوێتەوە:

* بەردەوامبوونی سیاسەتی تایفەگەریی و پەکخەری یەکێتیی نیشتمانی و گیانی هاووڵاتیبوون کە بۆ ململانێی ناوخۆی تایفەخوازان بەرجەستە دەکرێت.

* هەڵکشانی پلەیی دەسەڵاتخوازی و ستەمکاریی ناوخۆو خنکاندنی ئازادییە گشتییەکان کە ڕێگە بەوە نادات دەنگۆی نێودەوڵەتی بەدوادابێت کە زیاتر لە سیاسەتی ئێرەیی و هاوپەیمانێتی نزیکە.

* پیادەکردنی سیاسەتێك کە سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیستیفزاز دەکات تا وایان لێ بکات بڕیاری هەڵە دەربکەن بۆ ئەوەی خودی سەرۆك وەزیرانی عیراق لێی سوودمەند بێت و بەو پاساوەوە رووبەڕووی کورد ببێتەوەو دوژمنایەتییان بکات، تا دواتر وردە وردە بە بیانووی پاراستنی عیراق دوژمنکاریی بکاتە سەر ناوچەکە، کە ئەمەش هەمان ئەو سیاسەتەیە کە لە پارێزگاکانی رۆژئاوای عیراق گرتییەبەرو ئەوەی ئەمڕۆش لەو شارانە روودەدات هەمووی بە دەستی مالیکی هاتۆتەدی. ئەم هەنگاوەش لە داهاتوودا بیری لێدەکاتەوە دوای ئەوەی بۆ جاری سێیەم دەبێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عیراق، ئەو کاتە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت تاکو ئەم سیاسەتە پەیڕەو بکات کە پێشتر حوکمڕانانی عیراق بە درێژایی ماوەی نێوان لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عیراق ساڵی ١٩٢٦و رووخانی دیکتاتۆریەتیی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ جێبەجێیان کردو تێیدا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام بە سەدان هەزار مرۆڤی پێوە کوژرا یان بریندارو کەم ئەندام و شوێن بزر کرا.

ئەو هەڕەشە بەردەوامانەی کە دکتۆر حوسێن شەهرستانی جێگری سەرۆك وەزیران و بەرپرسی دۆسێی وزە دەیکات، هەروەها بڕینی پشکی هەرێم لە مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتی عیراق لەلایەن وەزیری دارایی عیراقەوە بەشێکی دانەبڕاون لە هەڵوێست و بڕیارەکانی سەرۆك وەزیرانی عیراق. ئەو رەفتارانە یەکەم شت وەك باڵۆنێکی تاقیکردنەوەی هەڵوێستی عەرەبە لە عیراق و هاوکات هەڵوێستی حزب و هێزە سیاسییەکانی عیراق لە ئاست ئەو رێکارانە، دووەمیان وەك باڵۆنی تاقیکردنەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە تا چەند لە بەرامبەر ئەو ستەمە بێ دەنگ دەبێت، سێیەم شتیش ئەوەیە کە بزانێت کورد بەرامبەر ئەو کارانە چۆن رەفتار دەکات.

بۆیە پێویستە بزانرێت کە ئەم رێکارانە لە پیلانێکی تەواوی سیاسیی دانەبڕاوە کە سەرۆك وەزیرانی عیراق بە هاوکاریی هەندێ وڵاتی ئیقلیمی و ناوچەکە جێبەجێ دەکات، کە ئەگەر پێداویستی و مەرجەکانی بۆ رەخسا ئەو کاتە کورد هانبدات تاکو هەڵە بکات و ببێتە پاساوێك بۆ مالیکی بۆ ئەوەی سیساسەتێکی سەربازی و ئەمنی بگرێتەبەر لە باتی وتوێژو دیالۆگ بۆ چارەسەریی پراکتیکیی ئەو کێشانەی کە تا ئێستا ماونەتەوە.

تاوانبارکردنی هێزەکانی تیرۆریستی نێودەوڵەتی وەك( داعش- دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام) و رێکخستنە تیرۆریستەکانی دیکەو میلیشیا تایفییە چەکدارو تیرۆریستەکان رێگە لەوە ناگرێت کە راستییەك دووپات بکەینەوە بەوەی کە نوری مالیکی بەو سیاسەتە تایەفەخوازانەی لەلایەك و رەفتارو سیاسەتی تایەفەخوازیی هەندێ لە ناسیۆنالیزمە توندڕۆکان لە لایەکی

دیکەوە، ببنە فاکتەری هاندەر تاکو بارودۆخ لە پارێزگاکانی رۆژئاوا بەم شێوەیە بگات، بە تایبەتیش لە فەلوجە، کە هێزەکانی تیرۆر و خوێناوی توانییان ژێرخانێك بۆ خۆیان لەو ناوچەیە بنیادبنێن و چالاکییەکانی تاوانیان لە جاران زیاتر دەست پێبکەنەوە.

ئەم واقیعە یارمەتی مالیکی دا تاکو ئەنجامی خراپ بۆ گەلی عیراق بێنێتە ئاراوە:

** پەرەسەندنی رێڕەو و پلانی تایەفەخوازی لە بەرژەوەندیی هەندێ لایەن ئەویش بە هۆی سیاسەتەکانی مالیکی تاکو بتوانێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بۆ جاری سێیەم ببێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عیراق.

** هەڵگیرسانی شەڕ دژ بە تیرۆر لەو پارێزگایانە تاکو بەو هۆیەوە پشتگیریی خەڵك و هێزە سیاسییەکان بەدەست بێنێت کە لە بنەڕەتداو بەردەوام دژی تیرۆر دەوەستنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەبەستی ئەو، تۆڵەسەندنەوەیە لە هێزو حزبەکانی دیکەی سوننی و نەتەوەخواز.

** لەژێر پەردەی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر مالیکی سیاسەتی بەسەربازکردنی وڵات بە دوو ئاڕاستە پیادە دەکات: هێزێکی زۆری چەکدار بە هەموو جۆرەکانییەوە کە تا ئێستا ژمارەی لە سەردەمی سەدام زیاتر بەرزبۆتەوە، هەروەها زێدە چەکدارکردنی عیراق و دروستکردنی جبەخانەی چەك بە چەشنی جیاواز، نەك تەنیا بۆ بەرگری کردن بەڵکو هەندێ چەکی هێرشبەریشیان تێدایە، چ ئەوانەی لە رووسیای فیدرال یان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکە وەری گرتوون، کۆپارەی کڕینی چەك لە لایەن عیراقەوە لەو دەوڵەتانەی ئاماژەمان پێ کردن نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار دەبێت و مانگ لە دوای مانگ و ساڵ لە دوای ساڵیش زیاتر دەبێت ئەگەر نوری مالیکی هەر لە حوکمڕانیی عیراق بەردەوام بێت.

** لێرەدا پێویستە وریابین لەوەی کە کڕینی ئەو چەکانە لەلایەن رژێمی تایەفخوازیی عیراق بە دوو شێوازی نێودەوڵەتیی ئەنجام دەدرێت هەروەك چۆن پێشتر لە لایەن سەدام حوسێنەوە پیادە دەکران:

١) بە گرێبەستی فەرمیی نێوان حکومەتی عیراق و حکومەتی دەوڵەتان لەوانەش رووسیای فیدرال و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەندێ لە دەوڵەتانی کۆمارەکانی پێشووی یۆگسلافیا و رۆژهەڵاتی ئەوروپا.

٢) بە رێگای بازاڕی رەش، یان لە بازاڕی هاوتەریب بە تایبەتیش لەرێی مافیاو بازرگانەکانی چەکفرۆشی نێودەوڵەتییەوە. نوری مالیکی توانی خۆی لە چاودێریکردنی بانکی ناوەندی رزگاربکات لەهەمبەر پارەو سامان و خەرجیی نهێنی و بە ئاشکرا تاکو سیاسەتی سەربازیی جێبەجێ بکات و ویژدانی چەندین فەرمانبەر بکڕێت بۆ ئەوەی سیاسەتی خەرجییەکانی لەم رووەوە پەردەپۆش بکەن، یان ئەوانەی بەتەواوی پشتگیریی لە سیاسەتی سەربازیی مالیکی و تاقمەکەی دەکەن.

** مالیکی هەوڵدەدات وڵات بەتەواوی بخاتە سەر لێواری شەڕێکی تایەفەگەریی تاکو دانیشتوانی شیعە وا لێ بکات کە هەست بە مەترسی بکەن ئەگەر مالیکی پشتیوانییان لێ نەکات، هاوکات بەم هۆیەوە حزب وهێزە ئیسلامییە سیاسییەکانی دیکەی شیعە لەژێر فشاری ناوخۆ یان دەوڵەتێکی ئیقلیمی رازی بن بە دووبارە کاندیدکردنەوەی مالیکی، بۆیە کشانەوەی موقتەدا سەدر لە پرسەی سیاسیی گوزارشتێکی ئاشکرایە لەو فشارە زۆرەی لە لایەن دەوڵەتێکی ئیقلیمییەوە لە ئارادایە.

بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دوای کشانەوەی سەربازییانەی لە عیراق بواری زۆری دا بە دەوڵەتێکی ئیقلیمی تاکو کۆنترۆڵی گۆڕەپانی سیاسیی عیراق و حوکمڕانیی بکات، لەوانە دامەزراندنی سەرۆك وەزیران لە ساڵی ٢٠١٠، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵی کاریگەریی خۆی لە عیراق لەدەست دا، نەك تەنیا لە بواری ئازادییە گشتییەکان و ژیانی دیموکراسی و دەستاودەست کردنی دەسەڵات، بەڵکو لە بەرژەوەندیی سەربەخۆیی و سەروەریی نیشتمان، چونکە ئەمریکا بەشداربوو لە چەسپاندنی سیستەمی تایفەگەریی سیاسی لە عیراق و هەرگیز بەرامبەر مالیکی نەوەستایەوە کاتێ سەحوەکانی سوننەی لەناوبرد، ئەوانەی کە بە پشتیوانیی ئەمریکا بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی قاعیدە دامەزرابوون.

رەنگە زۆربەی خوێنەران لەبیریان مابێت کە راستەوخۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مالیکی گوتی: (ئەوەی دەستمان کەوتووە نایدەینەوە، بۆچی کەس هەیە بتوانێت لێمان بسەنێتەوە)

ئەو پرسیارەی کە رووبەڕووی هەموو نووسەرێکی عیراقی دەبێتەوە ئەوەیە : ئایا نوری مالکی دەتوانێت ئەو سیاسەتە مەترسیدارە ئەمنی و سەربازییە لە عیراق جێبەجێ بکات؟

ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە مایەوە و هیچ گۆڕانکارییەك نەهاتە ئاراوە کە کاریگەریی بۆسەر وڵات هەبێت، ئەوکاتە مالیکی دەتوانێت ئەو سیاسەتە سەرکێشییە لە عیراق جێبەجێ بکات، بەتایبەتیش کە هۆشیاریی ئایینی و کۆمەڵایەتی لای زۆربەی دانیشتووانی عیراق لاوازە و لە خزمەتی مالکیدایە بێ ئەوەی کە خەڵکەکە درك بەوە بکات.

هەروەها هێزی بەرەنگاریی ئەو سیاسەتەی مالیکیش تا ئێستا هەر لاوازەو توانای سەپاندنی بۆچوونەکانی نیشتمانی و دیموکراسی بەسەر سیاسەتی تایەفەگەریدا نییە، بۆیە ئەگەری جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە پشت دەبەستێ بە سیاسەتی سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و رۆڵی کاریگەریان لە هەرەس پێهێنانی ئەو بەهانەو پاساوانەی کە سەرۆك وەزیران لە دابین کردنی پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە پشتیان پێ دەبەستێت. هەروەها فاکتەری نێودەوڵەتیش هەیە، نەك بە تەنیا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە سیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەر چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتوو نییە، کە هەر ئەویش دەتوانێت رۆڵی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ بگێڕێت لە نەهێشتنی ئەو سیاسەتە یان پاڵپشتکردنی، ئەویش لە رێی شێوازەکانی چارەسەرکردنی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئەستۆی دەگرێت.

بۆیە پێویستە هەموو نووسەرێك بیربکاتەوە بەو رێگەیەی کە سەرۆك وەزیرانی عیراق مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان دەکات، بەڵام دەبێ بزانرێت کە ئەو پیاوە گەلی عیراق دەخاتە ئەو بارودۆخەی کە لەسەردەمی دیکتاتۆری پێشوودا لە ئارادابوو، ئەو دیکتاتۆرە تازەیە مەرامی خۆی لە ستەمکردن و پیادەکردنی سیاسەت و رەفتاری نابەجێ دەبینێتەوە، ئێمە ئەمڕۆ لە دووڕیانێکی سەختداین و پێویستە هەموو هێزە سیاسییەکان بەوپەڕی هۆشیاریی و بەرپرسانە رەفتار بکەن، چونکە گۆڕینی ئەو بۆچوون و سیاسەتەی ئێستا بەرپرسیارییەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هەموولایەك لە پێناو بەرژەوەندیی مەدەنی و دیموکراسییانەی عیراقدا.

**مالیکی وا رەفتاردەکات کە سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیستیفزاز بکات تا وایان لێ بکات بڕیاری هەڵە دەربکەن بۆ ئەوەی خودی سەرۆک وەزیرانی عیراق لێی سوودمەند بێت و بەو پاساوەوە رووبەڕووی کورد ببێتەوە**

**هەڕەشەکانی حوسێن شەهرستانی جێگری سەرۆک وەزیران، هەروەها بڕینی پشکی هەرێم لە مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتی عیراق بەشێکی دانەبڕاون لە هەڵوێست و بڕیارەکانی سەرۆک وەزیرانی عیراق**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دوای کشانەوەی سەربازییانەی لە عیراق بواری زۆری دا بە دەوڵەتێکی ئیقلیمی تاکو کۆنترۆڵی گۆڕەپانی سیاسیی عیراق و حوکمڕانیی بکات**

# سەلام عادل لە نەجەف

ئەنجومەنی قەزای نەجەف ڕەزامەندیی لەســـەر ئەوە نیشـــانداوە کەیەکێ لە شـــەقامەکانی نەجەف بەناوی سەلام عادلەوە ناو بنرێ و داوای لە شارەوانی کردووە بڕیارەکە جێبەجێ بکات. گومانی تێدا نییە کە سەلام عادل شایستەی زۆرتـــرەو بڕیارەکەی ئەنجومەنی قـــەزای نەجەفیش لەناوەڕۆکدا داننانە بەخەبات و تێکۆشـــانی یەکێ لە دیارترین سیاسەتمەدارانی عیراق لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان.

سەلام عادل لەماوەی ١٩٥٦-١٩٦٣دا سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو. ئەمە بەم مانایە دێ کە ناونانی شـــەقامێك بەناویەوە سەلام عادل دەکاتە تاکە سکرتێری پارتی کۆمۆنیست لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا کە شـــەقامێکی بەناوەوە دەکرێت. دیارە بڕیارەکە بیروباوەڕی کۆمۆنیزم و ســـەلام عادل لێکجیا دەکاتەوە، بەڵام ئەمە هیچ لە بایەخی بڕیارەکە کەم ناکاتەوە، بەتایبەتی لەو گۆشـــە نیگایەوە کە شەقامی شارێکی پیرۆزی شیعەکان کە تەرمی عەلیی کوڕی ئەبو تالیبی لێ نێژراوە، لەمەولا ناوی سەلام عادل هەڵدەگرێ.

ناکرێ چاوپۆشـــی لەوە بکرێ کە بڕیارەکە، کەم تا زۆر، دوورییەکی ناوچەگەری و تایفەگەریی هەیە، چونکە ســـەلام عادل لە دایکبووی نەجەف و بە مەزهەب شـــیعەیەو ئەمەش ڕۆڵی لەپەسەندکردنی بڕیارەکەدا هەبووە. بەڵام لەهەمـــان کاتـــدا ناکرێت ئەوەش لەبەرچاو نەگیرێ کە ئەو بەرپەرچی بەعســـییەکانی داوەتەوەو لەکۆتاییشـــدا هەر بەدەستی ئەوان کوژراوە کە ئەمەش بەم مانایە دێ کە پاشخانی لەبواری تێکۆشاندا لە دژی حزبی بەعس پاشخانێکی دەوڵەمەندو مایەی ڕێزە.

بەهەمان پێودانگ، دەرنەبڕینی هیچ ناڕەزاییەك لەم بارەیەوە لەلایەن مەرجەعەکانی شیعەوە خۆی لەخۆیدا مایەی تێڕامانەو بەشێوەیەك لە شێوەکان دەکرێت وەك بەڵگەی گیانی لێبوردەیی و کرانەوە تەماشا بکرێت.


ناوی ڕاســـتەقینەی سەلام عادل، حســـێن ئەحمەد ڕەزییە. لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٢و دەرچووی ساڵی ١٩٤٣ی خانەی مامۆســـتایانی بەغدایە. ســـاڵی ١٩٤٤ یـــان ١٩٤٥ پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیســـتی عیراقەوە کردووەو لەسۆنگەی حزبایەتی و بیروباوەڕی کۆمۆنیستییەوە لانی کەم سێ جار لە کارەکەی دەرکراوە. لە کۆتاییدا خۆی بۆ کاروباری ڕێکخستن تەرخان کردو حزب مانگانە شەش دینار موچەی بۆ بڕییەوە.

ســـاڵی ١٩٤٩ لە زیندانە بیاباناوییەکەی نوگرە ســـەلمان بۆ ماوەی ســـێ ســـاڵ زیندانی کراو لەساڵی ١٩٥٣دا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنی بەسرەی گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەی کە ئەو تێیدا لە بەسرە بوو، بەسرە بەهێزترین جووڵانەوەی کرێکاریی بەخۆیەوە بینی و لەماوەی کەمتر لە ساڵێك خۆپیشاندان لەدوای خۆپیشاندان و مانگرتن لەدوای مانگرتن شـــارەکەی تەنییەوە، بە ئەندازەیەك کە حکومەت ناچار بوو هەموو ئەو ڕۆژنامانە دابخا کە هەواڵی خۆپیشـــاندان و مانگرتنەکانیان ڕوومالّ دەکرد.

ســـەلام عادل سێ چاکەی بەســـەر کوردەوە هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە لەســـاڵی ١٩٥٦دا لەیەکێ لە گرنگترین دیکۆمێنتەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا بەڕوونی دانی بەمافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورددا ناو وا باسی ئۆتۆنۆمیـــی کرد کـــە تەگبیرێکی گرنگەو لە بەرژەوەندیی گەلی کورد دایە، بەڵام بەهیچ شـــێوەیەك جێی مافی چارەی خۆنوسین ناگرێتەوە. دووەمیشیان ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٥٨دا فشاری لەسەر عەبدولکەریم قاسم دروست کرد بۆ ڕازی بوون بەگەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕوسیاوەو لەکاتی گەڕانەوەشی پێشوازییەکی جەماوەریی گەرم و گوڕی لەبەندەری بەســـرە بۆ ساز کرد. سێیەمیشیان ئەوەیە کە لەساڵی ١٩٦١دا ڕاگەیاندنی جەنگی لە کوردستان شەرمەزار کردو داوای ڕاگرتنی کرد.

لەســـەر ئاستی عیراقیش، عیراقییەکان دوو هەڵوێستی ســـەلام عادلیان لەبەر چاوە. یەکێکیان ئەوەیە کە لە١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هاندانی جەماوەر بۆ پشـــتگیری کردنی کودەتاکەی سوپا لە دژی ڕژێمی پاشـــایەتی گێڕاوەو ڕەنگە ئەگەر ئەم هاندانە نەبوایە کودەتاکە ســـەری نەگرتایە. دووەمیشـــیان ئەوەیە کە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا بەرپەرچی کودەتای بەعسییەکانی دایەوەو داوای لە جەماوەری حزب کرد شەقام بەشەقام و گەڕەك بەگەڕەك بەرگری بکەن، تەنانەت ئەگەر عەبدولکەریم قاســـم ڕەزامەندیی لەســـەر چەکدارکردنی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق نیشان بدایە، وەك سەلام عادل داوای کردبوو، کودەتاکە سەری نەدەگرت.

لە ٦ی ئازاردا، پاش ئەشـــکەنجەیەکی دڕندانە، لە زیندانی قەســـری نیهایە لە بەغدا کوژرا. سەلام عادل گۆڕی نییە چونکە بەعســـییەکان لە حەوزی تێزابدا تواندییانەوە، بەڵام شـــەقامەکەی لە نەجەف هەمیشـــە حەوزی تێزابی بەعسییەکان بەبیر خەڵکیدا دێنێتەوە.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت


www.starallianceiraq.com
Group
star alliance
For Travel, Tourism & Int. Cargo Ltd.
گروپی کۆمپانیاکانی ستار ئەلاینس بۆ گەشت و گوزار و کارگۆی نێودەوڵەتی
ڤیزای گەشت و گوزار
ڤیزای بازرگانی
ڤیزای خوێندن
گرین کارد
ئێمە سەرچاوەی گشت ڤیـــزاکانین
بۆ ئەمریکا لە هەولێر و سولەیمانی
سەنـتـەری ڤـیـزا
لـە ئـۆفـەرە تـایـبـەتـەکانی
سەنتەری ڤیـزا: ڤیزای (ئەمریکا
، ئیـتـاڵیا ، مەغریب ، تـونـس
، روسیا ، تایلەند ، ئێران ، ..)
PASSPORT
PASSEPORT
VISA
+964 750 316 7171
+964 750 316 7170
+964 750 777 1049
+964 770 777 1049
visa.centerstaralliance@gmail.com
infoebistaralliance@gmail.com
العراق - اربيل - اسكان - شارع جوهر بابير - قرب ريستورانت "من و تو"




### پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ بۆ گوڵان:

# هۆلۆکۆست فێری کردین تەنیا دەوڵەتی سەربەخۆ جوولەکە دەپارێزێت

**پرۆفیسـۆر ئۆفرا بێنگۆ ئوستادی مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەزانکۆی تەلئەبیب و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی هاوچەرخی عێراق و هەروەها تایبەتمەندیشە لەسەر پرسی کەمینەکانی رۆژهەڵات و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، پرۆفیسۆر بینگۆ توێژەری باڵایە لە سەنتەری موشی دایان بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی جینۆساید کە گەلی کورد و ئەرمەن و جوولەکە لە سەدەی بیستەم رووبەڕووی بوونەوە، چەند پرسـیارێکمان ئاڕاستەی پرۆفیسـۆر ئۆفۆا بێنگۆ کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لــە مێــژووی مرۆڤایەتیدا چەندین نەتــەوە هەن کە ڕووبــەڕووی کۆمەڵکــوژی و کارەســات بوونەتەوە، لە نێویاندا، نەتەوەکانی کورد و ئەرمەن و جوولەکە، کە ئەمە کێشەیەکی زۆر زەق بوو لە سەدەی بیستدا، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن جیهــان قەرەبووی ئەو نەتەوانــە دەکاتەوە کە دووچاری کۆمەڵکوژی هاتوون؟**

- ئێمە ناتوانین بەو شــێوەیە باســی جیهان بکەین وەك ئــەوەی یەك قەوارە بێت. تۆ دەتوانیت وەك یەك دامەزراوە باســی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەیت کە دەیتوانی سزای تاوانکارەکە بدات، بەڵام ئەم دامەزراوەیە زۆر لاوازترە ئەم کارەی پێ بکرێت. مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە کە پێویستە دەوڵەتە تاوانبارەکە بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و قەرەبووی ئەو خەڵکانە بکاتەوە کە دووچاری جینۆســاید بوونەتەوە بەهۆی کردەوەکانی ئەو دەوڵەتەوە. پێویســتە «جیهان»، و بەدیاریکــراوی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی پاڵپشــتی و پشــتیوانی ئەخلاقی دەســتەبەر بکــەن، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە فشاردروســتکردن لەسەر ئەو وڵاتە، بە هەرحاڵ هیچ قەرەبووکردنەوەیەك بە ڕاســتی لە ئاست ئێش و ئازاری ملیۆنەها کەسدا نییە.

*** ئەو نەتەوانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و کارەســات بوونەتەوە هەوڵدەدەن ئەو کارەساتانە بە جینۆساید بناسرێن، بــە بۆچوونی ئێوە ئایا لە ڕوانگەی یاســاو ڕێســای نێودەوڵەتییەوە گرنگی ناساندنی کۆمەڵکوژی نەتەوەیەك بە جینۆســاید چییە؟ ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم دانپێدانانە گرنگە بۆ نەوەکانی داهاتوو؟**

- پێویست بوو بە جینۆساید ناساندن بەهایەکی ئەخلاقی زۆر گرنگی هەبوایە و پێویست بوو ببوایەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی نوێ سڵ بکەنەوە لە ئەنجامدانی کردەوەیەکی لەم چەشــنە. بە داخەوە، ئەمە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕوونادات. باشترین بەڵگەش ئەو جینۆسایدە نوێیانەیە کە ڕوویانــداوە لە جیهاندا تەنانەت دوای ئەوەی شــوا وەك جینۆساید ناسێنرا.

*** کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان و کۆمەڵکوژی جوولەکەکان وەك جینۆســاید ناســێنران، و هەردوو نەتەوەی ئەرمەن و جوولەکە بوونە وڵاتێکی سەربەخۆ، ئایا تا چ ڕاددەیەك بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیەکانیان فاکتەرێك بوو بۆ سەربەخۆبوونیان و بۆ دامەزراندنی ئیسرائیل و ئەرمەنیا؟**

- پێموانییە ئــەم دانپێدانانــە فاکتەرێکی زۆر گرنگ بووبێت لە دامەزراندنی ئیســرائیلدا. ئەوەی گرنگ بوو ئەو دەرســە بوو کە جوولەکەکان خۆیــان فێری بوون لەو ئەزموونە مەترســیدارەی ڕووبەڕوویان بۆوە و بڕیاردانیان بەوەی ڕێگە بە دووبارە بوونەوەی نەدەن. کاتێك دەوڵەتێك ســەربەخۆ دەبێت ئەوا باشــتر دەتوانێت هاووڵاتیەکانی بپارێزێت و ڕێگە لە جینۆسایدێکی دیکە بگرێت. کەواتە یەکەم مەسەلەی گرنگ لە دامەزراندنی دەوڵەتدا بریتییە لە ئیرادەی خەڵك.

*** چەندیــن جار کــوردەکان دووچــاری کۆمەڵکوژی بوونەتەوە و شــاری هەڵەبجە لە هەرێمی کوردســتانی عێراقدا ڕووبەڕووی بۆردومانی کیمیایی بۆوە، لەســەر ئاســتی چەند وڵاتی ئەورووپی ئــەم کۆمەڵکوژیە وەك جینۆساید ناسێنراوە، و حاڵی حازر ئەم مەسەلەیش لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە موناقەشە دەکرێت، بە بۆچوونی ئێوە بۆچی تا ئێســتا تاوانەکانی ئەنفــال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە جینۆساید نەناسێنراون؟**

- بە تێڕوانینی من وەڵامەکە زۆر ســادەیە: سیاسەت و بەرژەوەندییە. زۆربەی وڵاتانــی جیهان دەیانەوێت بزنس بکەن لەگــەڵ عێراقدا و نایانەوێت ئــەم دەرفەتە بخەنە مەترســییەوە بەوەی دانپێدانانێك بە کورد ببەخشن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی حکومەتی عێراقی دوای سەددام حوسێن خــۆی دانی پێداناوە. بۆچی؟ لەبــەر ئەوەی ئەگەر ئەم کارە بکەن ئەوا ڕەنگە دەرئەنجامەکە ئەوە بێت کە پێویستە کورد مافــی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیــان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرامبەر جینۆسایدێکی دیکەدا بەرگری لە خۆیان بکەن.

*** دوای ئەوەی کوردەکان ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەوە، ئەوا ئێستاش ڕووبەڕووی هەڕەشــە بوونەتەوەو ئایندەیان لە مەترســیدایە، تا چ ڕاددەیەك بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیەکان کوردەکان لە هەڕەشــە و مەترسیەکانی ئێستا ڕزگار دەکات؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دانپێدانان تەنها لە ڕووی بەهای ئەخلاقیەوە گرنگی خۆی هەیە. ئەگەرنا بە هیچ شێوەیەك نابێتەهۆی ئەوەی ڕێگری لە حکومەتێك بکات لە ئەنجامدانی تاوانگەلێکی لەم شێوەیە. باشترین نموونە بریتییە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ئەسەدەوە دژی خەڵکەکــەی خۆی کە لە دۆخێکی لاوازدان، ئەمە لــە کاتێکدا «جیهان» نزیکەی هیچ شــتێك ناکات لە بەرامبەریدا.

*** بە باوەڕی ئێوە تا چ ڕاددەیەك بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیەکانی کورد دەبێتە فاکتەرێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بە چەشــنی ئیسرائیل و ئەرمینیا؟ ئایا پێویســتە کــورد چی بــکات بۆ بەدەســتهێنانی سەربەخۆیی؟**

- بۆ ئەوەی کوردەکان ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، ئەوا دەبێت ســەرەتا ژێرخانی وڵاتەکەی خۆیان بنیات بنێنەوە، بــە دیاریکراوی زەمینەکە لە ڕووی کەلتوری و ئابووری و سیاســی و سەربازییەوە ساز بکەن. گرنگترین پێکهاتە بریتییە لە تێڕوانین و یەکێتــی لە نێو خەڵکەکە و پارتە سیاسییە جیاوازەکاندا.

**کاتێک دەوڵەتێک سەربەخۆ دەبێت ئەوا باشتر دەتوانێت هاووڵاتیەکانی بپارێزێت و ڕێگە لە جینۆسایدێکی دیکە بگرێت. کەواتە یەکەم مەسەلەی گرنگ لە دامەزراندنی دەوڵەتدا بریتییە لە ئیرادەی خەڵک**

**نەناساندنی تاوانەکانی دژ بە نەتەوەی کورد بە جینۆساید سیاسەت و بەرژەوەندییە. زۆربەی وڵاتانی جیهان دەیانەوێت بزنس بکەن لەگەڵ عێراقدا و نایانەوێت ئەم دەرفەتە بخەنە مەترسییەوە بەوەی دانپێدانانێک بە کورد ببەخشن**



### دوای بڕیارەکەی سەرۆک بۆ بە پارێزگابوونی هەڵەبجە

# مەراسیمی یادکردنەوەی کیماباران و کۆمەڵکوژی شکۆدارتر دەبێت







لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو کۆمەڵکوژیی دژ بەخەڵکی سڤیلی ئەم شارە؛ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد داخوازییەکانی خەڵکی دەڤەرەکە بۆ بەپارێزگابوونی شارەکەیان جێبەجێ بکەن و چیتر چاوەڕێی ڕەزامەندی حکومەتی عێراق نەکرێت، ئەمەش دوای ئەوە هات کە پرسی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەکو موزایەدەو گەمەیەکی سیاسیی لێکراو داواکارییەکەی هەرێمیان بەستۆتەوە بەپارێزگابوونی خورماتوو تەلعەفەرەوە، ئەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێم وەکو ئەمەکێکە بۆ قوربانیدان و ڕۆڵی خەڵکی دەڤەرەکە لەبزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و تەحەددایەکیشە لە دژی بەکارهێنانی ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم خواست و ویستی خەڵکی کوردستان. ئەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێم بووە جێی خۆشحاڵی خەڵکی هەڵەبجەو ئەمساڵ یادکردنەوەی ساڵیادی کیمیابارانکردنی شارەکەیان جیاواز دەبێت لەساڵانی تر. لە سەردانێکیشماندا بۆ هەڵەبجە بینیمان ژمارەیەك لەهونەرمەندان و ڕۆشنبیران سەرقاڵی ئامادەسازین بۆ یادکردنەوەی ساڵیادی کیمیابارانکردنی شارەکەیان، کە بڕیارە بەکۆمەڵێك چالاکی هونەری و ڕۆشنبیریی و دانانی تاجەگوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدان یاد بکرێتەوە، کاتێکیش لەدەروازەی شار دەچیتە ناو سەنتەری شار، ئەو ڕاستییەت بەرچاو دەکەوێت کە سەرەڕای وێرانەیی و تێکدانی تەواویی ژێرخانی شارەکە، بەڵام ئەمڕۆ ئاوەدانی پێوە دەبینرێت..

**لەگەڵ پەسەندکردنی بودجەدا بۆ ئەمساڵ ٣٠٠ پرۆژە لەسنووری هەڵەبجە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە**

دووبارە بونیاتنانەوەی شارو وڵاتێك لەدوای شەڕو کاولکاریی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت گەر بێتوو گەلەکەی بە هاوشێوەی نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی ڕەشەکوژی بووبێتەوە، هەڵەبجە لەمێژووی دوور و هاوچەرخدا خاوەنی بزاوتێکی ڕۆشنبیری و سیاسی بووە بەدرێژایی مێژووی گەلەکەمان بووەتە گۆڕەپانی پڕ لەرووداوی سیاسی و سەربازیی، هەر ئەمەشە وایکردووە هەڵەبجە بەزیندوویەتی بمێنێتەوە وێڕای ئەوەی چەندین جار لەساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٧٤ و ١٩٨٣ و ١٩٨٧ ڕووبەڕووی هێرش بووەتەوەو خەڵکێکی زۆری لێ قەتڵوعام کرا، دڕندانەترین هێرشەکانی سوپای عێراقیش ئەوەبوو کە لە ١٩٨٨/٣/١٦ لەرێگای فڕۆکەی جەنگی و تۆپبارانەوە بەچەکی کیمیایی هێرش کرایە سەری و ٥ هەزار کەسی لێ شەهیدکراو ١٠ هەزاری تریشی لێ بریندار کرا. ئەم ڕەشەکوژییەی حکومەتی بەعس و سوپای عێراق کەبەرامبەر بە یەکێك لەقەزا گەورەکانی

**چەندین کۆمپانیای وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی لە ناوچەی هەڵەبجە لەبواری نەوت و گازی سروشتی کار دەکەن**



**لەیادی هەڵەبجەدا ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی کە ئێستا سەرقاڵی لەناوبردنی چەکە کیمیاییەکانی سوریایە بەشدار دەبێت**

**پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە بۆ ٣٠٠ هەزار کەس چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە**

کوردستان ئەنجامدرا، تەنیا تاوانێك نەبوو لە دژی خەڵکی سیڤیلی هەڵەبجە، بەڵکو تاوانێك بوو دژی مرۆڤایەتی و ژینگەو تەواویی دەڤەرەکەش وێرانکراو ئەوەبوو دانیشتوانەکەشی بەرەو ئێران و شارەکانی تری کوردستان کۆچیان کرد.

لەو سەردانەماندا بۆ دەڤەرەکە چەند گفتوگۆیەکمان لەگەڵ هاوولاتیانی هەڵەبجە ئەنجامدا، ئەوان وێڕای داواکارییەکانیان بۆ پێشخستنی ئاستی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، بەپارێزگابوونی شارەکەیان بەجوانترین قەرەبوو دانا. هەروەها داوایان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانی کرد ئاوڕێکی زیاتر لەهەڵەبجە بدەنەوە، چونکە فراوانبوونی شارەکەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی سنوورەکە واقیعێکی وای لێکەوتۆتەوە کە تادێت خواست و ویستەکان روو لەهەڵکشان دەکات، لەکاتێکدا هێشتا هەڵەبجە لەبواری پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا چەندین کەموکوڕیی تێدایە هەر لەخراپی و کۆنی تۆڕی ناوخۆی ئاوی خواردنەوەوە تا گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوەو نەبوونی سایلۆو نەبوونی کارگەی ریسایکلین و پشتگوێخستنی کەرتی گەشتوگوزار و کەموکوڕی لە پرۆژەی ماستەرپلانی شار، ئەمڕۆ تەنیا لەناو سەنتەری شاری هەڵەبجەدا زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس نیشتەجێیە، راستە ئەم شارە خاوەنی رووبەرێکی فراوانی دەشتی شارەزوورە کە بەدەشتە بەپیتەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بەڵام نەتوانراوە پرۆژەی پێشکەوتووی کشتوکاڵی تێدا بکرێت، تەنانەت لەبەر بوونی کەموکوڕی لە پرۆژەی ماستەرپلانی شاردا بۆ فراوانبوونی شار و تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان تا ئێستا پشت بەنەخشەی بنەڕەتی دەبەسترێت.

**ئەمڕۆ هەڵەبجە لەچاوەڕوانی بوون بەپارێزگادایە..**

بنەماکانی بەپارێزگابوونی هەر شارێك تەنیا بۆ مێژووە پڕ لەسەروەریی و قوربانییەکەی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخانەکەی دەگەڕێتەوە، هێشتا نەتوانراوە بەپێی پێویست و لە ئاست وێرانکارییەکەدا هەڵەبجە ئاوەدان بکرێتەوە، ئەمانە هەمووی فاکتەری گرنگن بۆ بوون بەپارێزگابوون و زیاتر ئاوەدانکردنەوەی تەواویی سنوورەکەو سڕینەوەی شوێنەواریی شەڕو رەشەکوژییەکە، هەربۆیە لەگەڵ بوون بەپارێزگادا زۆر پێویستە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانە بکرێت.
ئەم داواکاریی و خواستەی هاوولاتیانمان لەگەڵ گۆران ئەدهەم قایمقامی هەڵەبجە باسکرد کە بەڕێزیان لەگەڵ چەندین پرسی دیکەی ئاماژە پێکردوو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

یەکێك لەداواکارییە سەرەکی و گرنگەکانی خەڵکی لە هەڵەبجە بە پارێزگابوونی شارەکەیانە، ئەمەش دوای ئەوەی پێشتر چەندین جار بەڵێنیان پێدرابوو، بەڵام ئێستا پرسەکەیان گەیشتۆتە پەرلەمانی عێراق کە هاوکاتە لەگەڵ بارگرژییەکانی شەقامی سیاسی و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکەو هەڕەشەکانی مالیکی بەبڕینی بەشە بودجەی هەرێم و نەناردنی مووچەی فەرمانبەران؛ تەنانەت داواکارییەکەی خەڵکی هەڵەبجەو کوردستانیەکان بۆ بەپارێزگابوونی شارەکە لەلایەن بەغداوە بەسترایەوە بەپارێزگابوونی هەریەك لە تەلعەفەر و خورماتووەوە؛ لەم بارەیەوە گۆران ئەدهەم قایمقامی هەڵەبجە ئاماژەی بەوە کرد بەستنەوەو بەرزکردنەوەی پرسی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە بەیەك پاکێج بۆ پەرلەمان و گفتوگۆکردن و بڕیار لەسەردانی تەنیا موزایەدەکردن بوو لەسەر کوردو وەکو گەمەیەکی سیاسی بەکاریان هێنا، هەربۆیە ناکرێت هەڵەبجە ببەسترێتەوە بەشوێنەکانی ترەوە، هەروەها قایمقامی هەڵەبجە بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی خەڵکی هەڵەبجە بۆ بەپارێزگابوونی شارەکەیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەرز هەڵسەنگاند، چونکە لە عێراق پرسی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە بەستراوەتەوە بە بابەتی ترو وەکو گەمەیەکی سیاسی بەکاردەهێنرێت و رەچاوی تایبەتمەندی هەڵەبجە نەکراوە و ئومێدەوارین کۆمەڵێك حساباتی سیاسی زیندوو نەبێتەوە.
سەبارەت بەپارێزگابوون و ئامادەباشی هەڵەبجە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم، قایمقامی هەڵەبجە وتی: بنەماکانی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە تەنیا بنەمای مێژوویی و قوربانیدانی خەڵکەکەی نییە کە رۆڵی گەورەیان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەبووە، بەڵکو هەڵەبجە زۆر بنەمای تری لە رووی دارایی و ژێرخانی ئابووری و رۆشنبیری و هونەریی و سەرمایەی مرۆییەوە هەیە کە لە زۆر لەپارێزگاکانی عێراق نییە، بۆ نموونە چەندین کۆمپانیای وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی لەناوچەکەدا لەبواری نەوت و گازی سروشتی کار دەکەن و ناوچەکەمان خاوەنی سەرچاوەیەکی ئاو و خاکی بەپیتی وایە کە دەکرێت ببێتە دەوڵەمەندترین ناوچە کشتوکاڵیەکانی هەرێم و عێراق، ئەمە جگە لەوەی هەڵەبجە سنوورێکی ٨٠ کیلۆمەتری لەگەڵ وڵاتی کۆماری ئیسلامی هەیە لەگەڵ مەرزێکی سنووریمان هەیە بەناوی شوشمێ کە دەکرێت لەرووی بازرگانیەوە سوودی لێوەربگرین، هەروەها ژمارەیەك لەبەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەناو سەنتەری شارەکە هەیە.


سەبارەت بەتەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ هەڵەبجەو چۆنیەتی خەرجکردنی بەشە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا، قایمقامی هەڵەبجە وتی: ساڵی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی چەندین پرۆژە لەرێگای بودجەیەکی تایبەتەوە زیاتر لە ١٧٠ ملیار دیناری بۆ تەرخانکرین کە جێگەی خۆشحاڵی خەڵکی سنوورەکەمان بوو، بۆ ئەمساڵیش لیستی ٣٠٠ پرۆژەی جۆراوجۆرمان پێشکەش بەپارێزگای سلێمانی کردووە کە لەدوای پەسەندکردنی بودجەو چارەسەرکردنی کێشەی نێوان بەغداو هەولێر چاوەڕوانین پرۆژەکان بچنە بواری جێبەجێکردنەوە. لەلایەکی ترەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوە لە هەڵەبجەو تەواویی سنوورەکە پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە لەلایەن کۆمپانیایەکی وڵاتی کۆریاوە بەتەکنەلۆژیای پێشکەوتوو چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەتەواوبوونی ئەم پرۆژەیە کە بەسوود وەرگرتن لە ئاوی زێی سیروان جێبەجێ دەکرێت، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس لە شاری هەڵەبجەو قەزای سەیدسادق و ناحیەی سیروان و چەندین شوێنی تری ناوچەکە لێی سوودمەند دەبن. هەروەها وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ خۆڕزگارکردن لە زبڵ و خاشاك بڕیارە لەنزیك ناوچەی سەیدسادق کارگەیەکی ریسایکلین دابمەزرێنێت بەمەش تەواوی ئەم ناوچەیە لەگرفتی زبڵ و خاشاك رزگاریان دەبێت. ئەمەو قایمقامی هەڵەبجە ئاماژەی بەخراپی پرۆژەی ماستەرپلانی شارەکەیان کردوو لەم رووەوە وتی: ئێستا ئێمە بەپێی نەخشەی بنەڕەتی شوێنی پرۆژەکان و گەورەبوونی شار جێبەجێ دەکەین، چونکە ئەو پرۆژە ماستەرپلانەی بۆمان دانرابوو کەموکوڕی زۆرەو رەچاوی لایەنی زانستی تێدا نەکراوەو ناتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت. ئومێدەوارم لەکابینەی نوێی حکومەتدا کاری جددیی تر و گەورەتر بۆ شاری هەڵەبجە ئەنجام بدرێت. بۆ ئەمساڵیش لەیادی هەڵەبجەدا داوەتنامە بۆ کەس نانێرین، چونکە هەموو کورد ئەم شارەو یادەکە بەهی خۆی دەزانێت و دەتوانن لەو رۆژە لەهەڵەبجە ئامادەبن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ساڵانە چەندین کەسایەتی ئامادەی یادەکە دەبن، بۆ ئەمساڵ داوەتی ئەحمەد ئۆزنجۆی خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ و سەرۆکی رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی کراوە کە رێکخراوێکی جیهانییەو زیاتر لە ١٩٠ رێکخراو لەخۆدەگرێت و ئێستا سەرقاڵی لەناوبردنی چەکی کیمیایی سوریایە، گەر بێتوو ئەو کەسایەتیەش ئامادە نەبێت ئەوا لەرێگای نوێنەریەوە بەشداریی یادەکە دەکات.



**بە پشتبەستن بەڕای زۆرێک لە یاساناسان کە بابەتی بەپارێزگابوونی هەڵەبجەی شەهید دەکەوێتە بازنەی سەڵاحیاتی ئیداریی هەرێم و هەروەها نەبوونی ئیستجابەی پێویست لەلایەن بەغدا بۆ بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە، بۆیە بڕیارماندا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزووترین کات دەست بە رێوشوێنە ئیدارییەکانی بەپارێزگاکردنی هەڵەبجەی شەهید بکات، بۆ ئەوەی داواکاری خەڵکی قارەمانی ئەم دەڤەرە جێبەجێ بکرێت.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٦ی ئازاری ٢٠١٤**

# رۆڵی ئافرەت لە ستراتـ



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

زۆر ئەستەمە بە شێوەیەکی ساغڵەم و دروست لە ڕێگەی پەرەپێداندا هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبێنین، بێ ئەوەی پلانێکی زانستی و ستراتیژیمان هەبێت، دیارە ئەمەش لە چوارچێوەیەکی سەرتاسەریدایە کە هەموو توخمەکانی پەرەپێدان بگرێتەوە، بۆیە هەر وڵاتێك بیەوێت بەم ئاڕاستەیەدا هەنگاو بنێت پێویستە لە ڕوانگەی گشت پێکهاتەکانی پەرەپێدانی مرۆییەوە بڕوانێتە ئەم پرۆسەیە، لە کۆمەڵگەی عێراقیشدا کە سەیری دۆخەکە دەکرێت، بۆمان دەردەکەوێت کە بەشداریکردنی نیوەی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی مەترسیدار پاشەکشەی کردووە بەهۆی هەڵوێستی نێگەتیڤانە بەرامبەر بە ئافرەت، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی دەسەڵاتی تاریکپەرستان ئەوانەی لە چوارچێوەی حزبە سیاسییە تایفییەکاندا کۆنترۆڵی ڕەوشەکەیان کردووە، کە بەشێوەیەك کلتووری نەریتی دواکەوتوویان لەپاڵ سیاسەتدا بەسەر کۆمەڵگادا چەسپاندووە، ئەمە حاڵەتێکەو لە سەرتاسەری عێراقدا باوە، تەنیا هەرێمی کوردستان نەبێت کە بە هەنگاوی پۆزەتیڤانە بەرەو بنیاتنان و پێشکەوتن هەنگاو دەنێت. ستراتیژیەتی ڕاستەقینە بەتەنیا نابێتە دروشم یاخود کۆپیی دۆخێکی دیاریکراوی سەر کاغەز بەبێ ئامرازو هۆکاری جێبەجێکردن و وەدیهێنانی داخوازییەکان، بۆیە دەبینین ئەو ستراتیژیەتانەی حکومەتەکانی عێراق کە پێشتر دایناون ڕەنگە هەندێ لایەنی گرنگیان تێدابێت تایبەت بە دانیشتوان و ئافرەت، بەڵام هیچ ئەنجامێکی بەرچاویان لێ نەکەوتۆتەوە، مەترسیدارترین خاڵیش کە پێوەندی بە پەرەپێدانی مرۆییەوە هەبێت بە تایبەتیش دیارترین توێژی کۆمەڵگایە کە ئەویش ئافرەتە، بۆیە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتەوە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ستراتیژییەتی پەرەپێدان و ڕۆڵی ئافرەت لەو پرۆسەیەدا بکەم.

پەرەپێدانی کۆمەڵگا چەندین بنەما و تەوەری هەمەجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەخۆدەگرێت، بەڵام لێرەدا جەخت لە چارەسەرکردنی پەرەپێدان دەکەینەوە لە تەوەری ئافرەت و ڕۆڵی لەم پرۆسەیەدا، چونکە ئافرەت لەم دە ساڵەی دواییدا لایەنێکی زیاتر دوورەپەرێز و گەمارۆدراو بووە و زۆرتر کەوتۆتە بەر شاڵاوی دواکەوتوویی و قۆستنەوەو ستەم لێکردن. لەگەڵ کۆتایی ئەم دە ساڵەو دەست پێکردنی دە ساڵی تازەی مێژووی گۆڕانکاریی لە عێراقدا، تا ئێستا نیوەی دانیشتوان لە چوارچێوەی ئابوورییەکی کەساس و ئاست نزمدا ژیان دەگوزەرێنن، ئەو ڕێژەیەش کەوتۆتە نێوان بەرداشی تێکچوون و لەباربردنی ژینگەیەکی مرۆیی کە هەموو لایەنێکی جوگرافی و سروشت و بەها بەرزەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. بۆیە لە نێو ئەو ژینگە بێ ئومێدی و نامرۆییەدا، ئافرەت دەبێتە قوربانی پەتاو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئەوان کۆڵ نادەن و دەبنە بەشداریکارێکی دیاری ئابووریی کۆمەڵگە، چونکە بۆ چەندین سەعات ڕۆژانە کاردەکەن و بە ئارەقەو ماندوبوونی خۆیان پارێزگاری لە بناغەی خێزان دەکەن و قووتی ڕۆژانە بۆ ئەندامانی خێزان دەستەبەر دەکەن، بۆ نموونە ئاماژە بە ئافرەتانی لادێ دەکەین کە شان بە شانی پیاوان ماندون، بەڵام لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە عێراقی ئێستادا بە هیچ شێوەیەك حیساب بۆ ئەو ئافرەتانە ناکەن و تەنیا ئافرەتانی شار بە بەرهەمهێن دەزانن، ئەوانە لەوە ئاگادار نین یان خۆیان لە ئاست توانای بەرهەمهێنان و ڕۆڵی ئافرەتانی لادێ گێل دەکەن و ئەو ئافرەتانە بە بێکار و دواکەوتوو لەقەڵەم دەدەن.

هەروەکو لە ڕژێمە ستەمکار و دەرەبەگەکاندا سەرنج لەوە دەدەین کە بەهای ڕاستەقینەی ئافرەت گوێی پێ نادرێ، ئاواش لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بەشداریی ڕاستەقینەی ئافرەت لەبەرچاو ناگیرێت، تەنانەت دان بە بەرهەمی کارکردنیاندا نانرێت و ئاستی ماندوبوونیان لەبەرچاو ناگیرێت. بۆیە ئەو تێڕوانینە هەڵەیە دەبێتە هۆی ئیفلیج بوونی گشت هەوڵ و تەقەلالاکان بە ئاراستەی وەدیهێنانی پەرەپێدانێکی دروست کە کۆمەڵگە بەرەو پێش بەرێت و بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری دەست نیشان بکات، شتێکی ئاساییە کە هەندێك ستراتیژیی پەرەپێدان توانای ئافرەت پشتگوێ بخات و سنوورێك بۆ ڕۆڵیان دابنێت کە دواتر کاریگەریی نەرێنیی دەبێت بۆ سەر پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگە، لە کاتێکدا پێویستە گۆڕانکاری لە هەڵوێستی کۆمەڵگەدا بێتەکایەوە لە ئاست ئافرەت و بە مامەڵەکردنێکی مرۆیی و بە ویجدانێکی زیندووەوە لە ڕوانگەی بەشداری کردنی ئابووریانەی ئافرەت گرنگی بە پرۆسەی پەرەپێدان بدرێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ستراتیژیەکانی پەرەپێدان جەخت بکەنەوە لەسەر دۆزینەوەی ژینگەیەك کە تێیدا ئافرەت شان بە شانی پیاو سەرکەوتنی ماددیی بەرچاو بێنێتە کایەوە، ئەمەش بەوە دەکرێت کە بەرنامەی پەرەپێدان بۆ

# ...یژیەتی پەرەپێداندا

بەشداری کردنی ئافرەت لە بەڕێوەبردنی داهاتی خێزان و چاککردنی بەرهەم و پلەی هەڵسەنگاندن دابین بکرێت، ئەمە وێڕای دانان بە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەت و سەرپشک کردنیان لە کارکردن لەو جومگانەی پەرە بە پرۆسەی ئابووری دەدەن.

سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەش بەو شێوەیە دێتەدی کە وا دەخوازێت خوێندنەوەیەکی تەواو بۆ ئاماری بەشداریکردنی ئافرەت لە بازاڕی کاردا بکرێت و پلانی تۆکمە بۆ بەرزڕاگرتنی کەسایەتیی ئافرەت دابڕێژرێت و لەڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە بایەخی پێ بدرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە نابێت پلانەکانی ستراتیژیی وڵات پشت بە هەندێ ژمارەی خەملێنراو ببەستێت وەك ئەوەی لە دەستووردا ئاماژەی بۆکراوە لە بواری ڕێژەی نوێنەرایەتیی سیاسیی ئافرەتان لە دەزگا فەرمییەکاندا، بەڵکو دەبێت بەدوای (کوالیت)ی ئەو ڕۆڵەدا بگەڕێین کە ئافرەت بەرەو پێشەوە دەبات و هێزی کار پتەوتر دەکات.

بەدرێژایی ئەو دە ساڵە شکستهێناوەدا کە عێراق لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کلتوورییەوە دووچاری بووە، دەبینین ئافرەتی عێراقی نەك هەر لەناو خاکی نیشتمان، بەڵکو لە تاراوگەو هەندەرانیشدا، کەوتۆتە ژێر سەختترین دۆخی ستەم و چەوسانەوەو ماندووبوون، بەشێوەیەك پشتگوێ خراوە یان ڕۆڵی کاری لە ئابووریدا پەراوێزخراوە، دیارە کلتووری نێرسالاری لە سەرووی ئەو فاکتەرانەوەیە کە هەندێ جار لە بەرگی ئایینییشدا هەڵوێستێکی لەم جۆرەی بەبەردا دەکرێت، کە لە ڕاستیدا ئایین لەو شێوە ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەدا بێ بەرییە و ئەمە تەنیا کلتوورێکی نەخۆشەو دوورە لە هەموو ڕەوشت و مۆرکێکی مرۆیی.

بەڵام چۆن دەتوانین ستراتیژیەتێکی گونجاو بێنینەکایەوە کە هەڵوێستێکی ئەرێنی لەخۆبگرێت بەرامبەر بە ئافرەت و ڕۆڵی ئەو ڕەگەزە گرنگە لە ژیانی گشتی و پلانی پەرەپێداندا؟

لێرەدا دەکرێت بە چەندین هەنگاو داواکارییەکان بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** پێویستە پلانەکان تازە بکرێنەوەو میکانیزمەکانی کارکردن چاك بکرێن، ئەویش بە دۆزینەوەی دەرفەتی گونجاو بۆ هێزی مرۆیی ئافرەت لەگەڵ دابینکردنی ژینگەیەکی گشتیی گونجاو بۆ وەبەرهێنان.

**دووەم:** پێویستە میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنان و کارکردن لە هەماهەنگی کردنی چالاکییەکان پەرەیان پێ بدرێت، ئەویش بەوە دەکرێت کە ئیش بۆ ئافرەتان بدۆزرێتەوەو هەموو شێوازێکی ماددی و مەعنەویان پێشکەش بکرێت.

**سێیەم:** پێویستە پەرە بە کەرتی تایبەت بدرێت و دەسەڵاتەکانی فراوان بکرێت، ئەویش بە مۆڵەت پێدان یان بە داکۆکی کردن لە مافی کارکردن و هاندانیان بۆ کاراکردنی چالاکییەکانی ئابووریان دێتەدی.

**چوارەم:** خوێندنەوەیەکی وردیی ئاماری کارکردنی ئافرەت لە بوارەکاندا لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانیان، ئەو داتاو ئامارانەش پشت بە سەرچاوەی متمانەپێکراو دەبەستن کە دواتر ئاراستەی داڕشتنەوەی سیاسەت و ستراتیژیەکانی پەرەپێدان بە ئاستێکی تەندروست مسۆگەر دەکرێت.

**پێنجەم:** پێویستە گرنگی بە دانوستان و دیالۆگ بدرێت لە بواری سیاسەتی هاوبەشی نێوان دەرفەتەکانی کارکردن و یاساکانی تایبەت بە دەرخستنی ڕۆڵی ئافرەت لە بەرهەمهێنان و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵات وەك ڕەگەزێکی گرنگی کومەڵگا.

**شەشەم:** پێویستە ئەو ستراتیژییەتەی پەرەپێدان کە دادەڕێژرێت ئاوڕ لە ئافرەتی عێراقی بداتەوە، ئەویش بە پێشکەشکردنی پشتیوانییەکی لەرادەبەدەر لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکی نیشتمانیی پسپۆڕ کە نوێنەرانی وەزارەت و زانکۆ و مەڵبەندەکانی توێژینەوەی زانستی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگا پەیوەندیدارەکان هاوشێوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەخۆ بگرێت.

**حەوتەم:** پێویستە بە جددی کار بکرێت بۆ پشتیوانی کردن لە مەڵبەندەکانی توێژینەوەی زانستی و دەزگاکانی زانکۆ و ئەکادیمییەکان بەگشتی بەمەبەستی تەواوکردنی بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لەو پرسەو وەرگرتنی بڕوانامەی بەرزی وەك ماستەر و دکتۆرا کە چارەسەری ئەم کێشەیە بکات و ڕۆڵی ئافرەت لە ستراتیژییەتی پەرەپێدان بە شێوەیەکی روون و بەرز بخاتەڕوو.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**

**ئافرەت لەم دە ساڵەی دواییدا لە عیراق پەراوێز خراوە و کەوتۆتە بەر شاڵاوی دواکەوتوویی و ستەم لێکردن، لەگەڵ دەست پێکردنی دە ساڵی تازەشدا، تا ئێستاش نیوەی دانیشتووان لە چوارچێوەی ئابوورییەکی کەساس و ناست نزمدا ژیان دەگوزەرێنن**

**ئافرەتی عیراقی نەک هەر لە نیشتمان بەڵکو لە هەندەرانیشدا، لە ژێر سەختترین دۆخی ستەم و چەوسانەوە دەناڵێنێت، کلتووری نێرسالاری لە سەرووی ئەو فاکتەرانەوەیە کە هەندێ جار لە بەرگی ئایینییشدا هەڵوێستێکی لەم جۆرەی بەبەردا دەکرێت**

**پێویستە ستراتیژیەکانی پەرەپێدان جەخت بکەنەوە لەسەر بەشداری کردنی ئافرەت لە بەڕێوەبردنی داهاتی خێزان و چاککردنی بەرهەم و دانان بە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەت**